عارف قوربانی

# زەروریەتی
# خۆنوێکردنەوەی یەکێتی

کوردستان / کەرکوک/2006

لەبڵاوکراوەکانی دەزگای هەواڵ بۆ چاپ و
بڵاوکردنەوە

# پێشکەشە

***بەو نەمرانەی لەپێناوی رزگاری میللەتی کورددا***

***لەکاروانەکەی یەکێتیدا شەهیدبوون ..***

***بەهەموو ئەو تێکۆشەرە زیندوانەی بڕوایان وایە***

***لەڕێگەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانەوە***

***دەتوانن خزمەت بەگەلی کوردستان بکەن***

***بۆیە ئەیانەوێ ئەمماڵەی یەکێتی بپارێزن ..***


❊ **ناوی کتێب** / *زەروریەتی خۆنوێکردنەوەی یەکێتی*

❊ **نوسەر** / **عارف قوربانی**

❊ **پیتچنین** / **رەوەند کەریم**

❊ **بەرگ** /

❊ **چاپ** / 2006

❊ **تیراژ** / (1000)

❊ ***لەبڵاوکراوەکانی دەزگای هەواڵ بۆچاپ و بڵاوکردنەوە***

# پێشەکی

ئەم بابەتە لەبنەڕەتدا نوسینێك بوو بۆ گۆڤاری نڤین بڵاوکراوەی مەکتەبی بیرو هوشیاری یەکێتی نیشتمانی کوردستان نوسیم کەبڕیاربوو لەگەڵ چەند چاوپێکەوتن و نوسینێکدا بکرێتە کتێبێك و لە2005/6/1 لەیادی سی ساڵەی دامەزراندنی ی.ن.كدا بڵاوی بکەنەوە ، بەڵام بەهۆی زۆر دواکەوتنی پرۆژەکەی مەکتەبی بیرو هوشیاری و رۆژ لەدوایی رۆژیش بەهۆی خراپتربونی باری ناوخۆیی یەکێتییەوە بەباشم زانی بابەتەکە فراوانتربکەم و بڵاوی بکەمەوە .. لەژمارە (157) رۆژی 2005/11/19 رۆژنامەی هەواڵدا بەشی یەکەمیم بڵاوکردەوەو دوابەشیان لەژمارە(166) لەرۆژی 2006/1/28 دا بڵاوکرایەوە ، کەبڵاوکردنەوەی ئەم نوسینە لەکاتێکدایە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەهەلومەرجێکی زۆر دژواردا تێدەپەرێت و ئەرکی هەموو ئەندامانی یەکێتییە موراعاتی وەزعی ناوخۆیی یەکێتی بکەن..! منیش هەر بۆ موراعاتکردنی ئەو بارە نالەبارەی یەکێتی زۆر بیرم لەوەکردەوە کەلەم کاتە ناسکەدا بڵاوکردنەوەی راگرم و لەدەرفەتێکی گونجاودا بیخەمە بەرچاو ، یاخود لەشێوەی راپۆرتێکدا بیدەم بەسەرکردایەتی یەکێتی و مەکتەبەکان .. بەڵام گەیشتمە ئەوبڕوایەی کەبڵاوکردنەوەی خزمەتی زیاتر دەگەیەنێت وەك لەهێشتنەوەی بۆکاتێکیتر ، بەتایبەتیش بڕوام وابوو کەنوسینێکی بەم شێوەیە دورو درێژ رەنگە لەلایەن سەرکردایەتییەوە نەخوێندرێتەوە ئەگەر تەنها بۆخۆیانی بنێرم ..! وەك ئەوەی لەڕوپەڕی رۆژنامەیەك یان لەناملیکەیەکدا بیخەمە بەرچاوو بەبایەخێکی زیاترەوە وەردەگیرێت .. هەروەها بڕوام وابوو ئەو نوسینانەی دەربارەی یەکێتی و چاکسازی لەناو یەکێتی و تازەکردنەوەی دەموچاوی یەکێتی دەنوسرێن و بڵاودەکرێنەوە لەگەڵ ئەوەی جیاوازی تێگەیشتنی یەکێتی و بڕوای یەکێتی بەئازادی و ئازادکردنی کادیرەکانی دەخاتەڕوو ..!! لەهەمانکاتدا بڵاوکردنەوەیان و وروژاندن و پێشچاوخستنی لایەنە خراپەکانی یەکێتی ، سەرکردایەتییەکەی دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتیەکی گەورەوە کەپێویستە هەوڵی چاککردنی بدەن ئەگەر دەیانەوێ یەکێتی بمێنێ ..!؟ چونکە بەبڕوای زۆرکەس چ لەناو یەکێتی و خەڵکی دەرەوەی یەکێتیش بڕوای وایە یەکێتی ناتوانێ بەم وەزعەی ئێستایەوە درێژە بەتەمەنی خۆی بدات ..! هەر کەسێکیش وەك چاودێر بڕوانێتە یەکێتی رۆژلەدوای رۆژ هەست بەپاشەکشەی یەکێتی دەکات لەهەموو بوارەکانداو بەتایبەتیش لەبەرانبەر ئەوتەیارەی تری نێو بزوتنەوەی سیاسی کوردستان کەیەکێتی وەك بەدیلێکی جیاوازو باشتر خۆی لەبەرانبەریدا تەرح کرد ..!

کەئەگەر یەکێتی وەك بیری کوردایەتی لەناو شۆڕشی چەکداری کورددا بخوێنینەوەو هەوێنی دروستبونی ئەم رەوتە لەمامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلالەوە بهێنینە بەرچاو کەئەوکات لەناو شۆڕشی ئەیلولدا توشی ناکۆکی بون لەگەڵ مەلا مستەفادا کەرابەرایەتی شۆڕشەکەی دەکرد ، مەلا مستەفا خاوەن پێشینەیەکی یاخیبون و ململانێی چەکداری و شۆڕش بوو ، بەڵام ئەم تەیارە تواناو هەیبەت و دەسەڵاتی مەلامستەفایان قبوڵ نەکردو شۆڕشیان لێجیاکردەوەو دواتر بەهۆی شکستی شۆڕشەکەی بارزانییەوە ، مام جەلال توانی شۆڕشێکی بەهەموو مانایەك جیاواز بەرپابکات و رابەرایەتیی بکات

تائازادکردنی بەشێکی فراوانی کوردستان و پێکهێنانی حکومەت و پەرلەمانی کوردی و دواجار دوایی ئەو هەموو گۆڕان و روداوانە مام جەلال بگاتە وەرگرتنی پۆستی سەرۆك کۆماریی عیراق..! بەڵام ئێستا دوای نزیکەی نیوو سەدە تێپەڕبون بەسەر ئەو دوولەت بوونەو سی ساڵ خەباتی یەکێتی وەك هێزێکی سیاسی چەکداری و جەماوەری ، کەچی بەهۆی تێکچونی شیرازەی ناو خۆی یەکێتی و پیربونی و دورکەوتنەوەی لەبنەما شۆڕشگێڕییەکان و بەشێکیشی بەهۆی تەکەتولات و ململانێکانی ناو خۆییەوە ، یەکێتی لەململانێکانی ناوخۆیی کوردستاندا گەیشتۆتە ئەو قۆناغە ترسناکەی کەلەحاڵەتێکی وەك ئێستای کوردستانداو بۆیەکخستنەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و پێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتوو ، یەکێتی دەبێ بەهێزترین ئەندامی مەکتەبی سیاسی دەستنیشانبکات و بینێرێت ببێتە جێگری کوڕەزای مەلا مستەفا ..! کەهیوادارم ئەم قسەیەم بەو شێوەیە لێك نەدرێتەوە من دژی یەکخستنەوەی ئیدارەو رێککەوتنی پارتی و یەکێتی بم ..! پێشتریش قسەم لەسەر ئەو دووپارچەییەی کوردو زیانەکانی دوو ئیدارەیی کردووەو بەشێکی زۆری پاشەکشێی کوردم بۆ هۆکاری ئەو دوو بەرەییە گەڕاندۆتەوەو زەروریەتی یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەی هەرێمەکەم لەسەروی هەموو شتێکەوە بینیووە ..! بەڵام ئەوەم لەبەر ئەوە بەنمونە هێنایەوە کەهەموو ئەندامێکی یەکێتی ئەو پاشەکشەیەی یەکێتی ببینێ کەبەشێکی بەهۆی ململانێکانی ناو یەکێتی خۆیەوەیەو درێژەدانیش بەم حاڵەی ئێستای دواجار کۆتای بەرۆڵی یەکێتی دەهێنێ ..! کەبەشێکی زەروریەتی بڵاوکردنەوەی ئەم نوسینەشم لەم کاتەدا بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە کەئەرکی هەموو لایەکمانە یەکێتیەکەمان بەئاگابێنینەوەو هۆکارەکانی ئەم پاشەکشێیەو رێگاکانی توندوتۆڵکردنەوەی و بەهێزکردنی بخەینە پێش چاو ..

هیوادارم وەك کادرێکی ریزەکانی یەکێتی توانیبێتم بەبڵاوکردنەوەی ئەم نوسینە چەند راستیەك بخەمە بەرچاوی خەمخۆرانی ناو یەکێتی و ئەو دڵسۆزانەی بەتەنگ ئایندەی کوردو کوردستانەوە دێن ، چونکە شکستی یەکێتی شکستی زۆر پرۆژەو خەونی گەورەی نەتەوەییەو ناکرێ بەهۆی ململانێی ناو سەرکردایەتی یەکێتییەوە پرۆژەی نەتەوەیی کورد بکەوێتە مەترسیەوە ، بەپێی تێگەیشتنم لەم هەل و مەرجەدا چەند رێگەیەکی گونجاوم دەستنیشانکردووە کەبەپەیرەوکردنیان گورۆتین دەبەخشێتەوە بەژیانی یەکێتیی و کارابونەوەی یەکێتیش زەمانەتی ئایندەیەکی گەشە بۆ خەڵکی کودستان ..

# زەروریەتی
# خۆنوێکردنەوەی یەکێتی

ئەگەر( ئەم یەکێتییەی ئێمە ) بەو هەموو وزەو تواناو خەڵکە دڵسۆزو جەماوەرە زۆرەیەوە لەولاّتێکی پێشکەوتووی ڕۆژئاوا بوایەو لەم (30) ساڵەی تەمەنیدا ( دە پانزە ) کۆنگرەی ببەستایەو پابەندی هەموو یاساو ڕێسا ڕێکخراوەییەکان بوبێت و دیسپلینی حیزبیی بەئەندازەیەک ڕێکخستبێت کە ( ئەم یەکێتییە ) ئۆرگانەکانی وەک ئامێرەکانی شەریکەیەک وابێ و هەریەکەیان ئەرک و کاری خۆی بکات و تەواوکەری کاری ئەوانی تر بوبێت ... ڕەچاوی هەموو سەرەتاکانی ئازادی تاک و کۆمەڵ و بنەما دیموکراسییەکانی کردبێ...! ئەگەر دەرگای خستبێتە سەرپشت بۆ نەوەی نوێ و ساڵانە خەڵکی تازەی تیادەرکەوتبن و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەنوێبونەوەدا بوبێت ...! گەر( ی ن ک ) بەوشێوەیەو لەولاّتێکی ئارام و چەقبەستووی بێ گۆڕان و بێ کێشەو گیروگرفتداو وەک ڕێکخراوێکی سیاسی ئاوا ژیابێت ، ئەوە لەبەر دوو هۆکار هەر پێویستی بەخۆنوێکردنەوە هەیە ..

**یەکەمیان** : لەبەرئەوەی کەئێستا ڕۆژلەدوای ڕۆژ ژیان لە پێشکەوتندایەو خواست و پێداویستییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیش ڕۆژانە لەگۆڕاندان .... بۆیە هەموو هێزێکی سیاسی ئەوانەی کەدەیانەوێ درێژە بەتەمەنی خۆیان بدەن و لەگەڵ گۆڕانەکاندا بمێننەوە پێویستە بەردەوام بەشێوەیەک خۆیان تازە بکەنەوە کەلەگەڵ پێشکەوتنەکانی دنیادا هەڵبکەن و بەدیهێنەری خواستەکانی خەڵک بن ، یان هیچ نەبێ هەڵگری خواستەکانی جەماوەرەکەیان بن ....!

**دووەمیان** : لەبەرئەوەی کاریگەریی کرانەوەی جیهان بەڕووی یەکتریداو ئەو گۆڕانە خێراو پێشکەوتنانەی ڕوو دەدەن لەمرۆڤێکی ئاساییەوە تاگەورەترین هێزی دنیا پێی بزانن یان نەزانن ..! بەخواستی خۆیانبێت یان بێ خواستی خۆیان ...کەوتونەتە ناو پێشبڕکێیەکەوە .. مرۆڤێک لەگەڵ خودی خۆی ، لەگەڵ دەوروبەرەکەی ، گروپ و دەستەو حیزبێک بەهەمان شێوە چ لەهەناوی خۆیداو چ لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا بەردەوام لە ململانێدایە .. بۆئەوەی لەوپێشبڕکێ و ململانێیەدا درێژە بەتەمەنی بدات پێویستە خۆی نوێبکاتەوە کەنهێنیی مانەوەو بردنەوەو سەرکەوتنیش لەوەدایە کەڕۆژانە عەقڵی نوێ و وزەو توانای خوێنی تازە بخرێتە جەستەیەوە ، کەتاکە کەرەستەو وزەبەخشی سەرکەوتنیش بەردەوام خۆنوێکردنەوەیە ..!

ئەی چ جای ئەوەی کە ( ی ن ک ) لەدروست بوونیەوە لەنێو واقیعێکی سەختی پڕ لە ململانێ و گۆڕان و پڕلەڕووداودا دروست بووەو لەهەلومەرجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئاڵۆزو لەسەر نیشتیمانێکی پڕ لەڕووداوو وڵاتێکی وێرانەدا درێژەی بەتەمەنی خۆیی داوەو زۆرجار ململانێکان تا لێواری فەنابوون هەڵی لووشیوەو زۆرجار بەباج و قوربانییەکی زۆر درێژەی بەتەمەنی خۆی داوەتەوە، ئەمە چ لەگەڵ دوژمنانی خۆیداو لەنێو خودی بزوتنەوە نیشتمانییەکەی و زۆرجار لەهەناوی خۆیشیدا کەوتووەتەبەر پاڵەپەستۆی ڕووداوەکان و بەچەندین قۆناغی زۆر لێک جیاوازو هەندێک جار دژبەیەکیشدا تێپەڕیوە ..! کەبێگومان هەریەک لەو ململانێ و ڕووداو وگۆڕان و قۆناغانەشمان کاریگەرییان لەسەر(ی.ن.ک) جێهێشتووەو کارلێکردنی ئەوان لەسەر یەکێتی ، یەکێتیی گەیاندووەتە ئەم دۆخەی ئەمڕۆ کەلەبەردەم

مەترسیی گەورەدایەو پێویستە ئەم هێزە تێکۆشەرە دەوڵەمەندە بەووزەی شۆڕشگێڕیی و خوێنە نوێیە ڕێکبخرێتەوە ...! کەدەبوو لەقۆناغی خەباتی شاخیدا بۆ هەریەک لەو ڕووداوو گۆڕانە گەورانەی ناو یەکێتی و کوردستان و عێراق کۆنگرەی ببەستایە..! دەبوو بۆ ڕاپەرین و پەرلەمان و حکومەت و بەشداریی یەکێتی لەحوکم ، شەڕی ناوخۆ .. دوولەتبونی هەرێم ، پرۆسەی ئاشتی ، پرۆسەی ئازادی و هەموو ئەمانە کەپەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بەژیانی سیاسیی یەکێتییەوە هەبوو پێویستی بەوە هەبوو کەیەکێتی خۆی بۆ ئامادەبکات کەچۆن ڕەفتاریان لەگەڵ بکات ، چۆن ڕۆڵی خۆی تیایاندا بگێڕێت و ئاراستەی جەماوەرەکەی خۆی بکات . لەهەموو ئەو قۆناغانەماندا نەکراوە تا ( ی ن ک ) گەیشتووەتە قۆناغێک کەلەناو خودی خۆیدا بەتایبەت لەئاستەکانی ناوەڕاست و خوارەوە هەڵقولاَنێک هەیە بۆ ناچارکردنی سەرکردایەتییەکەی بۆ بڕیاردان لەسەر خۆنوێکردنەوە ...! چونکە ناکرێ ( ی ن ک ) بیەوێ بەم وەزعەی خۆیەوە درێژە بەتەمەنی بدات و پێی وابێت لەداهاتوودا دەتوانێت ڕۆڵی سەرەکیی بگێڕێت وەک ئەوەی لەڕابردوودا گێڕاویێتی کەسەرباری هەموو کەمتەرخەمیی و کەموکوڕییەکانی ڕابردووی هەمیشە پێشەنگ بووە ... بەڵام ناتوانێت لەم قۆناغ و هەلومەرجە نوێیانەی بەردەممانندا هەمان ڕۆڵ بگێڕێت کە گێڕاویەتی ... چونکە هەموو ئەو ئامانجانەی یەکێتی لەپرۆگرامی خۆیدا دیاریکردوون و لەپێناویاندا تێدەکۆشێ هەمویان لەسەردەمێکدا بۆخەبات دیاری کراون کەعیراق گیرۆدەی دەستی دیکتاتۆریەت بوو ، بەڵام ئێستا سکرتێری یەکێتی سەرۆک کۆماری عیراقە و ناکرێ ئێستایش یەکێتی ئامانجی ڕوخاندنی سیستەمی حوکمڕانی عیراق بێت کەیەکێتی خۆی لەحکومەتەکەدا بەشداری کاریگەری هەیە ، هەروەها سەبارەت بەکەرکوک و هەموو ئەو ناوچانەی کەکەوتبونە بەر پاکتاوی ڕەگەزی و یەکێتی لەبەرنامەی کاری سیاسی خۆیدا ئەو ڕێوشوێنانەی بۆخەبات لەپێناوی بەرگرتن لەوسیاسەتە گرتبویەبەر ، ئەمڕۆ بەشێکی ئەو ناوچانە کورد خۆی حوکمی تیادەکات ، مەسەلەی مافی چارەنوس ، دیموکراسی ، ئاوەدانکردنەوە ، مەسەلەی سیستەمی حوکمڕانی ... ، ئەمە سەرباری زۆر شتیتر کەگۆڕانی گەورەیان بەسەردا هاتووە .. بەتایبەتیش کەئێستا دەستورێکی نوێ بۆ عیراق دانرا کەپێویستە یەکێتیش بەپەیڕەو پرۆگرامی خۆیدا بچێتەوە کەلەگەڵ ئەم قۆناغە تازەیەدا گونجاوبێت .. چونکە ناکرێ دوای ئەم هەموو گۆڕانە گەورانە هەروەکو خۆمان بمێنینەوە .... نمونە لەجیهاندا زۆرن کە گۆڕانکارییەکان چەند کاریگەرییان لەسەر گۆڕانی حیزبەکان هەبووە.. بۆنمونە لەگەڵ ڕوخانی دیواری بەرلیندا هەرچی حیزبی سیاسی ئەڵمانیاو بەشی زۆری حیزبە کۆمۆنیستەکانی ئەوروپاش نەک هەر بەرنامەی کاریان گۆڕی بەڵکوو حیزب هەبوو تەنانەت ناوی حیزبەکەشی گۆڕی ، چونکە هەل ومەرجی سیاسی و واقیعێکی تازە دروست بوو ، بەڵکوو جیهان گۆڕا ... کە ڕوخانی سەدام هیچی لەڕوخانی دیواری بەرلین کەمتر نەبوو وەگۆڕانەکانی دوای سەدامیش لەگۆڕانەکانی دوای دیواری بەرلین کەمتر نابن ، چ لەعیراق ولەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا ... بۆیە ناکرێ چ یەکێتی و چ هێزەسیاسیەکانی تری کوردستان بەبێ گۆڕان وەکو خۆیان بمێننەوە، پێویستە خۆیان بگۆڕن بەتایبەتیش یەکێتی بۆئەوەی کەبتوانێت ڕۆڵی خۆی بگێڕێت دەبێ خۆی بگۆڕێت و خۆی نوێ بکاتەوەو خۆی ڕێکبخاتەوە وەک هێزێکی کاریگەر لەگۆڕەپانی سیاسیی عێراق و کوردستاندا بەگیانێکی تازەوە بێتەوە کایەکە ...! بەتایبەتی جارێکی تریش لەبەرئەوەی وا بۆ نیوسەدە دەچێت ململانێیەکی گەورە لەنێوان دوو تەیاری نێو گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندایەو لەبەر یەکتری قبوڵ نەکردن و قبوڵ نەکردنی

جیاوازییەکان هەزاران لاوی کورد بونەتە قوربانیی...! بۆ ئەوەی ئیرادەی خێڵەکیی زاڵ نەبێت بەسەر خواست و ئیرادەی میللەتداو ئێستا بەجۆرێك لەجۆرەکان پاشەکشە کراوە ، لێرەوە شەرعییەتێکی زیاتر دروست دەبێت بۆ زەرورییەتی خۆنوێکردنەوەی (ی ن ك) و ڕەخساندنی زەمینەی گۆڕانکاریی بۆ هاتنەپێشەوەی عەقڵی تازە کەلەگەڵ ئەم هەلومەرجە نوێیەدا هەڵبکات ..! ناکرێت پێمان وابێت بەبێ گۆڕان و نوێبوونەوە بەو عەقڵییەتەی کەلەهەلومەرجێکی جیاوازو سەردەمێکی پێشتردا سەرکردایەتیی شۆڕشمان پێکردوە ، بەهەمان تێڕوانینەوە بڕوانینە ئەم دۆخەی ئێستا .. بەتایبەتییش کەئێستا تەنها خۆمان و پارتی لەگۆڕپانەکەدا نین تاخۆمان بەپارتی بەراورد بکەین و بڵێین جیاوازی و جوانییەکانمان بەراورد ناکرێت ...! لەمەودوا دنیایەکی کراوەترو گۆڕەپانێکی فراوانتر هەیە ... واقیعێکی جیاوازتر، ڕووداوو گۆڕانی جیاوازو چاوەڕواننەکراو دێنەپێش .. هێزی تر دروستدەبن تەیاراتی نوێ دێنەکایەکەوە .. بۆیە دەبێ ئەم هێزە سیاسییە پڕ لەجەوهەرەی کوردایەتی سەرلەنوێ جۆش بدرێتەوە ، پەرتەوازەیی و شیرازە شێواوەکەی چاکبکاتەوە کە ناکرێت خۆمان هەڵبخەڵەتێنین و بڵێین بێ عەیبین ..! ڕاستە یەکێتی بەو هەموو کەموکوڕی و شێواوییەیەوە هێشتا حیزبێکی کاریگەرەو دەسکەوتی گەورەی بۆ خۆی و بۆ کورد بەدەستهێناوە ، بەڵام نابێ مەستیی سەرکەوتن و دەستکەوتەکان وامان لێبکات خۆمان بەبێ خەوش بێنینە بەرچاو .. بگرە هێزێکی پڕ لەشتی سەیرو سەمەرەی حیزبایەتیین و هەرداواکاریی و هاواری چاکسازییەکیش لەپێناوی زیاتر گەشەپێدانی (ی ن ك) لەخەمخۆرییدایەو هەرهەنگاوێکیش بۆ چاککردنی باری خواری هەر ئۆرگانێکی یەکێتیی خزمەتی گەورە بەخودی (ی ن ك)و بزوتنەوە سیاسییەکەی و تەواوی گەلی کورد دەگەیەنێت ... بۆیە دەبێت شەرم نەکەین و پەنجە بخەینە سەر برینەکان و کەموکوڕییەکانمان لەپێناوی چاککردنیاندا ، بەتایبەتییش کەهەست دەکرێت هێزە کۆنەپارێزو دوژمن بەئینسانییەکان مەترسیی زیاتر دەخەنە سەر ژیان و دەیانەوێ پەکی ژیان بخەن ، کەیەکێتییش وەك هێزێکی ژیاندۆست مەسئولییەتی زیاتری دەکەوێتە ئەستۆ ... بەتایبەتیش کەچارەنوس و ئایندەی کورد لەبەردەم مەترسیدایەو پێدەچێت ڕووبەڕووی ئاڵۆزی و ڕوداوی چاوەڕواننەکراو ببینەوە ... کەخۆئامادەکردن و کارایی دەخوازێو لەوێشەوە بەرپرسیارییەتیەکی مێژویی دەکەوێتە ئەستۆی (ی ن ك)و قۆناغەکەش وادەخوازێ کە(یەکێتی)وەك هێزێك کەخەڵکی کوردستان چاوەڕوانێتی و ئومێدی پێیەتی ، دەبێ خۆی نوێ بکاتەوە .! چونکە مومکین نییە نەك یەکێتی بەڵکو هەموو هێزە سیاسییەکان بەبێ خۆنوێکردنەوەو خۆ ئامادەکردنەوە بەرگەی گۆڕانەکانی بەردەممان بگرین ..!

دەبێت یەکێتی بەر لەهەرشت لەشێوازی کارکردنی لەگەڵ خۆیدا گۆڕانبکات بەرلەهەرشتێکی تر...! دەبێت هەوڵ بدات ڕێگایەك بدۆزێتەوە تا بگاتە ئەوەی کەوەك هێزێکی مونەزەم و بەبەرنامە کاربکات ، نەك وەکو ئێستا بە میزاج کارەکانی هەڵدەسوڕێ ..! هەرچەندە هەندێك پێیان وایە یەکێتی خەلەل لەسیستەمی کارکردنیدایە ، بەڵام من پێم وایە یەکێتی ئێستا هیچ سیستەمێکی نییە کاری لەسەربکات و هەستدەکەم لەبەر نەبونی سیستەمی کارکردنیدایە وای بەسەرهاتووە ، دەبێ هەوڵبدات سیستەمێك دابنات کاری لەسەربکات ..! کەهەر ئەوەش لەو نامونەزەمییەی ئێستای ڕزگاری دەکات کەیەکێتی تێی کەوتووە ...! دەبێ ئەو سیستەمە بکات بەیاسای خۆی و خۆی پێ ڕزگاربکات لەوقەیرانەی کەئێستا تیایدا ئەژی .. بەرلەهەرشتیش بڕیاربدات خۆی نوێ بکاتەوە کەئێستا بەرەو پیربوون دەچێت ، لێرەدا

نمونەیەک دەهێنمەوە کە کاک مەلا بەختیار لەدیدارێکی تەلەفزیۆنیدا ووتی (من تەمەنم 23 ساڵ بوو ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بووم ) وابزانم کاک ئازاد هەورامی لەوتەمەنەش خوارتربوو کە سەرکردایەتی لایەکی شۆڕشی دەکرد..! بەڵام ئایا ئێستا کەسێکی تەمەن 23 ساڵ تاچەند لەم حیزبەی ئێمەدا ڕێگەی پێدراوە بچێتە پێشەوە ، ئێستا گەنجێکی وا لەکوێی یەکێتیدایە .....!؟ من خۆم دوای ئەوەی چوینەوە بۆ کەرکوک لێپرسراوی بەشی راگەیاندن و روناکبیری مەڵبەندی رێکخستنی کەرکوک بووم لەکۆبونەوەکانی ئەنجومەنی مەڵبەنددا کە(80) هەشتا کەسبوین و لەکۆبونەوەی دەستەی کارگێڕیدا بچوکترین ئەندامی بووم کەتەمەنم ئەوکات (33 ) ساڵ بوو ..! رەنگە هێشتا لەمەڵبەندەکانی تردا ئەوەیش نەبوبێت ..! ئەمە پێویستی بەموعالەجەیە ، ناکرێت کەسێک (30)ساڵ بەرلەئێستا بۆ قۆناغێکی دیاریکراوو رێگایەکی دیاریکراوی تێکۆشان شیاو بوبێت ، ئەگەر خۆی لەگەڵ ئەم هەموو گۆڕان و قۆناغە نوێیانەدا تازە نەکردبێتەوە پێمان وابێ ئێستایش هەمان زەرورییەتی هەیە ..! هەموو سەردەمێک عەقڵییەتی خۆی پێویستە و ناکرێ پێمان وابێ چۆن لەسەرگەڵوو حوکممان دەکرد بەهەمان شێوە حوکمڕانی شارو دەوڵەت بکەین ..! ئەمەش بەوە چارەدەکرێت یەکێتی جورئەت بکات خۆی نوێ بکاتەوە و دەرگای هاتنەپێشەوەی خەڵکی نوێ بداتە سەرپشت بۆ ئەو نەوەنوێ و خوێنگەرمەی دەتوانن ئەم قۆناغە تێپەڕێنن ..! چونکە تائێستا ئەوەی لەیەکێتیدا باسدەکرێت تەنها قسەیەو نیەتێک نییە بۆ گەنجکردنەوەی یەکێتی .. ئێستایش پێوەری یەکێتی بۆ هەر پلەوپۆستێک لەوێوە خوێندنەوەی بۆدەکات چەندساڵ پێشمەرگەبووە ..!؟ رۆڵ وکاریگەری لەشۆڕشی شاخدا ..!؟ لەکەیەوە لەگەڵمانە ..!؟ رەنگدانەوەی ئەم بیرکردنەوەیە ، کاریگەری ئەم تێڕوانینە بۆهاتنە پێشەوەی کادری نوێ بەئێستای سەرکردایەتیکردنی یەکێتییەوە دیارەو لەکۆی (45)ئەندامەکەی کۆمیتەی سەرکردایەتی کامەیە ئەو گەنجەی کەتەنها (15)ساڵە یەکێتیە ..!؟ لەزۆر ولاتدا حیزب هەیە دروستدەبێت بەچەند ساڵێکی کەم دێتە سەرحوکم ..! کەچی پانزە ساڵ ئەندامێتی لەناو یەکێتیدا و تێکۆشان لەڕیزەکانی ئەم حیزبەدا بلیتی ئەوەی نەداوەتە دەستی کەس کەپێی بچێتەناو کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتییەوە ، ئیتر کامەیە رێگاکانی هاتنەپێشەوەی نەوەی نوێ .؟ کامەیە هەنگاوەکانی گەنج بوونەوە ..!؟ کەدەبێ یەکێتی لەوە تێبگات نهێنی سەرکەوتنی یەکێتی لەڕابردوودا و مانەوەی لەوهەموو قۆناغە ناسک و ترسناکانەدا ، توانای بەرەنگاربونەوەی دوژمنانی و بەرگرتنی بەو هەموو پیلانانەی کراونەتە سەری ، داهێنانەکانی لەشۆڕشدا ، بەردەوامیی ئومێدبەخشینەکەی ...! هەموو ئەوانە لەئەنجامی ئەوەوە بوو کەیەکێتی حیزبێکی گەنج بوو بەعەقڵیەتێکی گەنجانە سەرکردایەتی یەکێتی دەکرا..! بەڵام ئێستا دەبێ هەمومان درک بەو ڕاستیەبکەین و جورئەت بکەین پێی لێبنێین کەخەریکە بەهەمومان یەکێتی پیردەکەین ..! کەڕەنگە بەشێکی هۆکارەکەیشی بۆئەوە بگەڕێتەوە کەپێمان وابێ قۆناغی سەختی تێکۆشانی بڕیوەو ئێستا لەقۆناغی چنینەوەی بەرهەمەکەیداین و هەرکەس پێی وابێ بۆ لەخەبات و بیناکردنیدا تیایدابووە یان لەڕیزی پێشەوەبووە ، ئێستا بۆ لەهەڵگرتنەوەی بەرهەمەکەیدا سەرمەشق نەبێ ..!؟ رەنگە قورسبێت کەسێک بتوانێ بڕیاربدات لەهەڵگرتنەوەی بەرەکەیدا بەشی نەبێ ..! لایەنێکی تریشی ئەوەیە لەم ولاتەی ئێمەدا هوشیارییەکی نەتەوەیی بالأمان نییە کە تێکۆشەرێک خزمەتی بەبزوتنەوەی نەتەوەیمان گەیاندووە ئێستا رێز لەو خزمەت و تێکۆشانەی بگرین وەک ئەوەی کە ئێستا رێز لەپلەوپایەکەی دەنرێت ...! بۆنمونە لەناو کۆمیتەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی

یەکێتیدا چەند تێکۆشەرێک لەپێش کۆنگرەو ناوکۆنگرە بڕیاری ئەوەیاندا کە شوێنەکانی خۆیان چۆڵ بکەن بۆئەوەی خەڵکی تازە بێتە پێشەوە ..! هەڤاڵان ( قادری حاجی عەلی و مولازم عومەر و شێخ محەمەد شاکەلی و سالار عەزیز) ئێستا ئەوانە هەمویان ماون ئایا تەقدیری تێکۆشانەکەیان و ئەو هەڵوێستەیەیان کراوە ..!؟ چەندجار ناڵێم ڕاگەیاندنی کوردی هیچ نەبێ ڕاگەیاندنی ئەو حیزبەی کەخۆیان دروستیانکردوە وەک تێکۆشەر هێنایانییە سەرشاشەو بەسەریکردنەوە .. !؟ بەبەراورد لەگەڵ ئەوەی گەر ئێستا کورسی و دەسەڵاتەکەیان جێنەهێشتایا .!؟

تێکۆشەرترین کەسی ناو یەکێتی گەر سبەی شوێنی خۆی چۆلکرد بۆ نەوەی نوێو چووە ماڵەوە ، بەبەراورد لەگەڵ کەم تواناترین بەرپرسدا کەهیچ خێری بۆ ئەم یەکێتیە نەبێ و مایەی خراپەکاری و خراپبونی یەکێتیش بێت ، ناڵێم لای خەڵک بەڵام هیچ نەبێ لەناوخودی یەکێتیشدا کامیان حورمەتی زیاتری لێ دەنرێ ..!؟ ئەوەی کەخزمەتێکی زۆری ئەم میللەتەی کردووەو ئێستایش بۆ ئەوەی ڕێگە بۆ نەوەی نوێ چۆڵ بکات و حیزبەکەی لەمەرگ بپارێزێ چووەتە ماڵەوەو بەوەش خزمەتێکی تری بەبزوتنەوە سیاسییەکەی کردووە ، لەگەڵ ئەوکەسەی کە هەمیشە دەسەڵات بۆ خزمەتی خۆی بەکاربەرێت و میللەتەکەشی بکات بەقوربانی کورسییەکەی ..کامیان لەپێشترن ..!؟ کەڕەنگە بەشێکی هۆکاری ئەوەش کە کەس ئامادەنییە کورسییەکەی جێ بێڵێت ئەوەبێت..!!

یەکێکی تر لەو شتانەی کەیەکێتی توشی جۆرێک لەدابڕانکردووە ئەوەیە کەیەکێتی واخۆی دەبینێتەوە هەقی منەتکردنی بەسەر میللەتدا هەیە ...! کەئەو منەتی شۆڕشکردنە بەسەر خەڵکدا یەکێتی بوغرا کردووە ..! کەبەڕاستی ئێستا یەکێتی ئەو هەقەی نەماوە ، کەیەکێتیش ئەو هەقەی نەبێ هیچ هێزێکی تری سیاسی نییەتی..! لەبەر ئەوەی کەیەکێتی 14 ساڵە حوکمڕانی کوردستانەو لەسەر داهاتی خەڵک دەژی .! دەبێ لەوە تێبگەین کەئیتر خەڵکیش ئەو منەتەمان لێوەرناگرێت و دەبێ لەمەودووا واکارنەکات کەهەموو کەس قەرزاری یەکێتی یە ..! ئەمە چی یەکێتی لەگەڵ خەڵکداو لەناو یەکێتیشدا ئەوە بەسەرچوو کەئیتر کەس منەت و لافی شۆڕشکردن بەسەر کەسیتردا لێبدات ..! چونکە 14 ساڵە تۆ حاکمی کوردستانی و خەڵک لەدەسەڵاتەوە تۆدەبینێ .! کە خەڵکمان هەیە گەر سەروەت وسامانەکەی و ئیمتیازی ئێستای بەراورد بکەی بەکارێکی ڕۆژانە ، ئەوە ڕۆژانی سەختی خەباتی شاخیشی ڕۆژانە سەدان دۆلار لەسەر ئەم میللەتە کەوتووە..! ئەمە خەڵک دەیبینێ و ئیتر چۆن قبوڵی ئەو مزایدەیەمان لێدەکات ..! کەبەشێکی هۆکاری ئەو وەزعەی ناو یەکێتی پێم وایە بۆ ئەو لافی شۆڕشکردن و یەکێتی بەهی خۆزانینە دەگەڕێتەوە .. کەبرادەرێک قسەیەکی جوانی کرد ووتی ئێمە مناڵ بووین کەیاری فتبۆڵێنمان دەکرد کاتێ تۆپەکەمان دەتەقی چەند مناڵکێکی پارەدار لەناو خۆیاندا پارەیان کۆدەکردەوە بۆ کڕینی تۆپ و لەوەودوا ئیتر باش یان خراپ یاریانبکردایا کەس نەبوو لەیاریدا داوای ئەوەیان لێبکات تەبدیلبکرێن ، ئەیانووت ئێمە پارەمان داوە بۆ تۆپەکە کێ پارەی نەداوە بائەوە بەدل بێت ..! هەست دەکرێت لەناو یەکێتیشدا ئەو بیرکردنەوەیە زاڵە کەزۆر برادەر پێی وایە پارەی تۆپەکەی داوە .. دەبێ بەجدی یەکێتی لەو ڕووەوە بەخۆیدابچێتەوەو بیرلەوەبکاتەوە ئەکرێت تاپارەی هەیە پارەی هەندێ برادەر بداتەوە کەڕەنگە سبەی لەیارییەکانی بەردەمماندا نەتوانن یاری جوان بکەن ..! چونکە ناکرێت بەهۆی خراپ یاریکردنی چەند یاریزانێکەوە ڕۆژلەدوای ڕۆژ ئەم تیپەی یەکێتی لەپاشەکشەدابێت و ڕاهێنەری تیپ نەتوانێ بیر لەشوێنگۆڕکێ و تەبدیلی

یاریزانەکانی بکاتەوە ... چونکە گەر ئەوە نەکات یاریزانی تازە نایەنە تیپەکەیەوەو کەلاوانی وەرزشکاریش روونەکەنە تیپەکەی ئەوا ناتوانرێت بەدیل دروستبکرێت بۆ یاریزانە بەتەمەنەکان و ئەوانەیش وا واز لەیاریکردن دەهێنن و سەرئەنجام تیپەکە نامێنێ..!!

رەنگە ئەوانەیش کەتاقەتی یاریکردنیان نەماوە ، یاخود هەستدەکەن وەرزشکاری گەنجی بەتوانا هاتونەتە تیپەکەوەو ئەشزانن گەر دەرفەتی یاریکردنیان بدرێتێ سەروەری زیاتر بۆ تیپەکە بەدەست دێنن ، کەچی ئەمان ئامادەنین بۆیان بەدلبن ...! ئەشێ ئەوەش بەشێکی هەرپەیوەندی بەوەوە هەبێ کەهەستدەکەن ئەم تیپە ئەوەندە قەدری یاریزانەکانی لایە کەلەناو گۆڕەپانەکەدا یارییەکە دەکەن ..! ئەوانیش کەخۆیان بەوە دەزانن لەدروستکردنی تیپەکەوە خەریکی گەورەکردنین مافی خۆیانە ئەوهەقە بەخۆیان بدەن کەلەتیپەکە دوور نەکەونەوە یان بیانەوێ هەرلەناو یاریگاکەدابن و باگۆڵ نەکەن و بافرسەتی گۆڵکردنیش لەدەستبدەن بەڵام نەیانەوێ بسرێنەوە لەتیپەکەدا ، کەئەوە ساکارترین مافی خۆیانە ..!
ئەمەش خەلەلێکی ترەو پێویستە یەکێتی بیر لەوەبکاتەوە کەشتێکی تازە دابهێنێ لەجۆری دەستەی راوێژکاری تیپ کەزەمانەتی هەمان ئەو مافانەیان بۆبکات کەیاریزانەکانی ناوگۆڕەپانەکە هەیانە لەهەموو بوارێکدا ، تەنانەت بەتەعویزی ئەوەشەوە کەیاریزانێك بەرێکەوت گۆڵەکە تۆماردەکات لای جەماوەرەکەی خۆشەویستترە لەو یاریزانەی کەراستەوخۆ فرسەتی گۆڵکردنەکەشی بۆڕەخساندووە ..! ئەی چ جای ئەو یاریزانانەی دەبنە هاندەری تیپەکەی خۆیان ..! دەبێ بەژیرییەوە بیر لەجۆری ئەو موعالەجەیە بکرێتەوە .. چونکە وانەکەین تیپەکەمان وەکو خۆی نامێنێ ..!

ئەمە ئەگەر وەك تیپێکی وەرزشی تێی بڕوانین ، گەر بەوشێوەیەیش سەیری بکەین کەئەم یەکێتییە لەشێوەی شەریکەیەك بهێنینە پێش چاوو ، کۆمەڵە برادەرێك پێکەوە شەریکەیەك دادەمەزرێنن و پێکەوە رەنجی تیائەدەن و هەوڵ ئەدەن شەریکەکەیان پێش بخەن و لەپێناوی ئەوەی کەشەریکەکەیان رانەوەستێ ئامادەن قەرزی بۆ بکەن و تەزحییەی پێبدەن تائەوکاتەی لەدواجاردا شەریکەکەیان دەبێتە خاوەن ناووناوبانگێکی باش و پڕبەرهەم ، مومکین نییە هەروا بەئاسانی یەکێك لەخاوەنەکانی دەستبەرداری هەموو ماندوبونەکەی بێت بەتایبەت لەکاتێکدا کەلەخێردابێ و دەسمایەیەکی زۆری هەبێ ..! کێشەکەیش ئەوەیە کەڕۆژ بەڕۆژ ئەوانەی پەیوەستن بەبەرهەمی ئەم شەریکەیەوە گەنجانی تازە پێگەیشتوون و حەزیان بەوەیە مامەڵە لەگەڵ هاوتەمەنی خۆیاندا بکەن ، گەر هەست بەوەبکرێت کەڕۆژانە موشتەرییەکان کەمدەکات ئەگەر هەندێ شاگردی هاوتەمەنی موشتەرییەکانمان نەخەینە پێشچاوو وەك خاوەن شەریکەکە نەیناسێنین ..! لەوکاتەدا ئەگەر خاوەنانی پرۆژەکە بیر لەوە نەکەنەوە موعالەجەی کێشەکەی خۆیانبکەن ئەوە دیارە نایانەوێ درێژە بەپرۆژەکەی خۆیانبدەن ، یان هیچ نەبێ نایانەوێ تاسەر شەریکبن ..! بۆیە لەحاڵێکی وادا ئەگەر بیر لەوەیش کرابێتەوە هەریەك لەخاوەنەکانی شەریکەکە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان گەنجێکی نزیکی بکاتە واجیهەی خۆی بۆ پاراستنی ئەو بەشەی کەپەیوەندی بەداهاتووی خۆیەوە هەیە ، ئەوەش هەر بەقازانجی یەکێتی دەگەڕێتەوە چونکە لەنەتیجەدا گەنج دەبێتەوە .!

ئەی چ جای ئەوەی کەیەکێتی نەفەریقی فتبۆڵێن و نەکۆمپانیایە و خاوەنەکانی نەك هەر تەمەن و تواناو ژیان و داهاتووی خۆیان بەڵکو ئازیزترین کەسی

خۆشیان بۆکردووەتە قوربانی و لەو روانگەیەشەوە قوربانیان بۆ داوە کەهێزێکە دەتوانێ رزگاری بۆمیللەتەکەی بەدەستبهێنێ ..!
کاتێ کارکردن لەیەکێتیدا هەستکردن بوبێت بەراپەڕاندنی ئەرك و بەرپرسیارێتیەکی نیشتمانی و بەهەمان برواوە لەداهاتویشی بڕوانین ، ئەوە کەواتا زۆر پێویستە هەوڵ بدەین بەردەوام بەگوڕترو کاراتری بکەین ، بەتایبەتیش کەهەستبکرێت زۆرینەی میللەتێك چاوی لەدەستێتی و ژیان و ئایندەی خۆی پێوە بەستووە..! ئەوە دەبێتە زەروورییەتێکی تەئریخی و تەمەڵی کردن لەباشترکردنی ئەم هێزەدا دەبێتە تاوان ، چونکە سەرباری هەر کەموکوڕیەکی ئێستای یەکێتی بەڵام راستیەك هەیە کەهەر ئەوەشە وادەکات دەبێ هەموان لەخەمی باشترکردنی ئەم هێزەدابین ئەویش ئەوەیە بەدرێژای مێژووی شۆڕش و هێزەسیاسیەکانی کورد هیچ هێزێك بەقەدەر یەکێتی خەڵکی تێکۆشەری لەدەور کۆنەبۆتەوەو بەئێستایشەوە هیچ هێزو حیزبێك نەك تەنها لەکوردستاندا بەڵکو لەناوچەکەشدا نییە ئەوەندەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کوڕی دڵسۆزو خەمخۆرو گەنجی بەورەو خوێنگەرمی تیابێت ، بۆیە کۆکردنەوەو ئاراستەکردنی ئەم هێزە کاریگەرەو جۆشدانەوەی بۆئەوەی لەداهاتویشیدا وەك رابردووی کاریگەربێت ، ئەرکێکی گرنگی هەموو دڵسۆزانی ناو یەکێتی ودەرەوەی یەکێتیشە ... کەرێگاکانی بەگوڕترکردنی و بەرەو باشترکردنی بەوە دەبێت پێویستە جەریئبین لەدەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکوڕییەکانمان و رێکخستنەوەی کارەکان و دابەشکردنی ئەرك و بەرپرسیارێتیەکانمان ، کرانەوەی زۆرتر بەڕووی خەڵك و جەماوەرەکەماندا .. لەناو خۆشماندا شەفافانەتر کاربکەین ، راگەیاندنی رای راشکاوانەمان و خستنەڕووی نیەتمان ... بڕیاردان لەسەر رەخساندنی زەمینەیەکی لەبار بۆ راگۆڕینەوەی نێوان خۆمان و دۆست و دڵسۆزانی دەرەوەی خۆشمان بۆ لێکتێگەیشتن و دەرخستنی ئامانجەکانمان .. بەشداریپێکردنی کەوادیرەکانمان لەبڕیارە گرنگ و چارەنوسسازەکانماندا و گوێگرتن لە بۆچونی کادیرانی ئاستەکانی خوارەوە .. هێورکردنەوەی گرژی و ناکۆییەکانی نێوانمان .. چونکە تا ناکۆکییەکانی نێوخۆمان هێور نەکەینەوە ناتوانین هیچ چاکسازیەکیش بکەین ، کەئەوەمانکرد پاشان بڕیاربدەین لەسەر سازکردنی چەند کۆنفرانسێکی لێکگەیشتن و کارکردن بۆ دارشتنی بەرنامەی کارو دیاریکردنی ئامانجی نوێ کەئێستا زۆر لەو ئامانجانەی لەپێناویدا تێدەکۆشین بەدیهاتوون و بەسەرچون ، ئەوجا بڕیاردان لەسەر بەستنی کۆنگرە بەرەچاوکردنی زەروریەتی مانەوەی رەمزە زەرورییەکانی ناو یەکێتی و بڕیاردان لەسەر تازەکردنەوەی هەناوی یەکێتی بە ژمارەیەك گەنج و ئاوێتەکردنیان بەئەزمونی ژمارەیەکی پێشوومان و دەرکردنی یاسایەکی چەسپاو بۆ دیاریکردنی وادەی کۆنگرەی بەردەوام و بڕیاردان لەسەرئەوەی نابێ هیچ کۆنگرەیەك لەوادەی خۆی تێپەڕێت ، گەرچی لەکۆنگرەی رابردویشدا ئەوبڕیارە دراو هەڤاڵ مام جەلال وتی ئەگەر کۆنگرە لەوادەی دیاریکراوی خۆی تێپەڕی ئەوە شەرعیەتی سەرکردایەتی نامێنێ ، واچەندساڵ بەسەر کۆنگرەدا تێپەڕی و گەورەترین گۆڕان لەعیراق و کوردستان و وەزعی یەکێتیشدا رویداو کۆنگرەشمان هەر نەکرد ، کەهەقە ئیتر بڕیارێکی چەسپاومان هەبێ و لێی لانەدەین بۆدیاریکردنی وادەی کۆنگرەو دیاریکردنی کۆمەڵێ مەرج بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی و سکرتێریش ، بۆنمونە پێویستە دەستورێك هەبێ و هەموان پابەندبین پێوەی کەکەسێك بۆی هەبێ چوارجار خۆی هەڵبژێرێت بۆ سەرکردایەتی و سێ کۆنگرە بۆی هەبێ بۆ مەکتەبی سیاسی و دووجاریش بۆ سکرتێری گشتی ، *بۆئەوەی بەشێوەیەکی سروشتی گۆڕان بکرێت* ، گەرچی پێم وایە لەم جۆرە

ولاتانەی ئێمەدا هێشتا نەگەیشتوینەتە ئەو ئاستەی ئەوەمان پێ قبوڵبێت ، بەڵام هەقە یەکێتی وەک نەریتی داهێنەرانەی خۆی ئەم بڕیارەبدات و بیکات بەدەستوری کارکردنی خۆی ، کەبەدڵنیاییەوە بەوە یەکێتی زیاتر گەشەدەکات و خەڵکی زیاتری لەدەور کۆدەبێتەوە ..

حاڵەتێکی تریش هەیە پێویستی بەموعالەجەیە کەناکرێ خەڵکێک خۆی بڕیاردەرو هەرخۆیشی جێبەجێکاری بڕیارەکەبێت ، سیاسەت کەسانێک دایدەڕێژن وکەسانێکیش جێبەجێی دەکەن ، با کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی مەکتەبی تەنفیزیبێت بۆ راپەڕاندنی کاروبارەکانی یەکێتی وەک حیزب و بەدەر لەکۆمیتەی سەرکردایەتیش بۆ مانەوەی تێکۆشەرە بەئەزمونەکان لەناو کایەسیاسیەکەداو سود وەرگرتن لەشارەزایی و تواناکانیان با مەکتەبێکی تەشریعی یان ئەنجومەنی راوێژکاری یان هەرناوێکی تر هەبێ کەپێویستە یەکێتی داهێنانێکی تربکات لەدروستکردنی هەیکەلەیەکی جیاوازتر لەلایەک بۆئەوەی دەرفەت برەخسێ گەنجەکان بێنە پێشەوەو لەلایەکیش بۆئەوەی تێکۆشەرە بەئەزمونەکان لەعەمەلییە سیاسیەکە دانەبڕێن و بەشداری لەدیاریکردنی رەوتی تێکۆشانەکەو کاراکردنی یەکێتی بکەن زۆر پێویستە یەکێتی ئەوەبکات ناوەندێک دروستبکات بۆ بڕیاردان و کۆمیتەی سەرکردایەتیش هێزی جێبەجێکاری بێت ...!

بەبڕوای من تائەوکاتەی مەسەلەی هێزی پێشمەرگە لەهێزی حیزبەوە دەبێتە هێزی حکومەت واباشە یەکێتی مەکتەبی عەسکەری جیابکاتەوەو بەپێی ڕێژەی پێویست هەر لەکۆنگرەدا ئەندامی سەرکردایەتی بۆهەڵبژێرێت کەهەمان ناوو ناونیشانی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەبێ ، بەڵام دیاریکراوبن ئەمان بۆسەرکردایەتیکردنی هێزی پێشمەرگەو بەشەکەی تری بۆسەرکردایەتی تەنزیم و مەکتەبەکانی تری (ی.ن.ک) بن.. چونکە دەبێ ئەو راستیەمان لەبەرچاوبێت کەئێستا هەمان ئەو حاڵەتانەی لەئۆرگانەکانی تری یەکێتیدا هەیە بەهەمان شێوە هێزی پێشمەرگەیشی گرتۆتەوە ، کەپێویستە پێشمەرگە ئەوهەیبەت و خۆشەویستییەی بۆبگەڕێتەوە کەلەڕابردودا هیبووەو دەمەوێ بۆ خۆشەویستی پێشمەرگەو پیرۆزی ناوەکەی بەتایبەت پێشمەرگە دێرینەکان ، نمونەیەکی زۆرسادەی منالێک بگێڕمەوە کەلەتەلەفزیۆنێکدا لەبەرنامەی منالان پێشکەشکەری بەرنامەکە لەمنالێکی پرسی حەزئەکەی کەگەورەبویت ببی بەچی ..؟ منالەکە وتی حەزئەکەم کەگەورە بووم ببم بەپێشمەرگەی کۆن ..! مەغزایی پیرۆزی ناوی پێشمەرگە لەئاواتی ئەم منالەوە تاتەواوی خەڵکی کوردستان ئەو پیرۆزییەی هەیە .. بۆیە سەرکردایەتی یەکێتی بەرپرسیارە لەوەی ئەوپیرۆزییە رابگرێت و وەکو خۆی بیهێڵێتەوە...! کەبێگومان ئەوەش بەرنامەی وردو سەرکردایەتییەکی جیاوازی پێویستە ، چونکە زۆرینەی هەرە زۆری ئەوپێشمەرگە تێکۆشەرانەی ئامادەی بەخشینی ژیانی خۆیان بوون ئێستایش بەهەمان روحیەتەوە لەهەرتەنگانەیەکدابێت هەر ئەوان ئامادەی قوربانی و گیانبەخشینن کەپێویستە ئەم سەروەتە نیشتمانییە هەربەزیندوێتی بهێڵدرێتەو پاداشتیش بکرێن و قەرەبووی رابردوی تێکۆشانەکەشیان بکرێتەوە .. چونکە ئێستا بەناوی پێشمەرگایەتی و شۆڕشکردنەوە تەنها منەتەکە بەسەرخەڵکدا دەکەین و زۆر پێشمەرگەیش هەیە تائێستا لەئۆردوگاکاندا لەخانوی قوڕدا ئەژێت ، دەبێ بەقورسایی تێکۆشانەکەیان پاداشتبکرێنەوەو ئیتر هەرکامیان ئامادەی کاری هەیە پێویستە لەسەر بنەمای توانای لێوەشاوەیی بێت نەک لەسەر حسابی پێشمەرگایەتییەکەی کەئێستا لەزۆرشوێندا ئەوحاڵەتانە خەلەلی دروستکردووە ..

پێویستە هەر ئۆرگانێك دەسەڵاتی دیاری بکرێت و ئەرك و بەرپرسیارێتیشی دیاریکراوبێت ، نەك وەك ئێستا کەکەس نازانێ کێ بەرپرسیارە لەو هەموو کەموو کورِیانەی کەهەن بۆنمونە گەر خەلەل لەمەکتەبی ئیعلامی یەکێتی هەبێ بەرپرسی ئیعلامیش وەك خەڵك رەخنە ئەگرێت کەخەلەل هەیە ، یا ئەگەر وەزعی رێکخستن خراپە برِۆ بەرپرسی رێکخستنیش هەمان قسە ئەکات ، هەموو ئۆرگانەکان بەوشێوەیەن کەسیش پێی وانییە خۆی بەرپرسیاربێت کەبەراستی ئەمە خۆی خەلەلی گەورەیە ..! لەلایەکی تریشەوە بەزەقی هەست بەوە دەکرێت زۆربەی کاروبارەکان بەمیزاجی کەسەکان بەرِێوەدەچێت و باش یان خراپ مامەڵەکردنی ئەوکەسانە تەحەکوم بەکارەکانی یەکێتییەوە دەکات ، هەموو ئەوانەش قابیلی چارەسەرکردنن و گەر چارەسەری ریشەییان بۆ بکەین ئەوە بەدڵنیاییەوە یەکێتی دەتوانێ زەمانی قۆناغێکی تریش بکات بۆ بەکارایی مانەوەی خۆی وەك هێزێکی کاریگەرو بەپێچەوانەشەوە گەر وانەکات وردە وردە دەکەوێتە پەراوێزەوەو دواجار دەورەی حەیاتی کۆتایی پێدێت ...! ئەمە بۆهەموو حیزبێك وایەو تایبەتمەند نییە بەیەکێتی ، لەرِابردوشدا زۆر نمونە هەیە کەچەندین حیزبی گەورە گەورەی جیهان کەهەریەکە لەسەردەمانێکدا رۆڵ و کاریگەری زۆریان بەسەر وڵات و کۆمەڵەکەی خۆیانەوە هەبووەو ئێستا تەنها لەلاپەرِەکانی مێژوودا باسدەکرێن و کۆتاییان پێهاتووە ..! بەڵام حیزبیش زۆرن تەمەنیان تەمەنی چەند نەوەیەکەو بەشێوەیەك سیستەمی خۆنوێکردنەوەیان رێکخستووە کەرِەنگە تاچەندین سەدەی تریش بەردەوام هەرپێشەنگبن و بەدیهێنەری خواست و ویستی جەماوەرەکەیانبن...کەئەگەر ئەم یەکێتییە ئامادەی ئەوخوێنگۆرِینەبێت و زوو زوو رووحی تازە بکابەبەردا لەوجۆرە هێزانەیە کەتادەیان ساڵی تریش زەمانی مانەوەی خۆیدەکات و دەتوانێ نەك هەر سەروەرییەکانی بپارێزێت بەڵکوو رۆژ لەدوایی رۆژ سەروەری زیاتر تۆماربکات و ببێت بەهێزێك کەئەندامێتی تیایدا سەروەرییەکی گەورەبێت .

رەنگە ئێستا زۆرێکیش هەبن پێیان وابێ ئەم نوسینە یان ئەو نوسین و رەخنانەی تر کەدەنوسرێن پێویستنین و دوریش نییە بەلادانی لەقەڵەم بدەن ..! بەڵام ئەم حاڵەتەش یەکێکە لەسەروەرییەکانی تری یەکێتی کەئەو ئازادییەی داوەتە ئەندامەکانی بەو شێوەیە رەخنەی بکەن کەئەگەر ئەم حاڵەتە لەناو حیزبێکی تردا روبدات رەنگە بەمەرگی کادیرەکە تەواوبێت ، کەئەوەش جوانییەکی ترە لەیەکێتی و تا زیاتر تەوزیفی بکات یەکێتی پێ جوانتردەبێت و هێزوحیزبەکانی تریش دەکەونە بەردەم مەوقیفی ئیحراجەوە کەلەنەتیجەدا یان دەبێ ئەوانیش وەك یەکێتی خۆیان بگۆرِن و خۆ تازەبکەنەوە ، یان بەدڵنیاییەوە کەسیان بەدەورەوە نامێنێ و کۆتاییان دێت..!

گەرچی راستیەکی تاڵیش هەیە کەهەندێ برادەر لەبەرانبەر رەخنەو هاواری چاکسازیدا پارتی دەکەنە پێوەر کەیەکێتی لەزۆر رووەوە لەپێشی پارتیەوەیە ..! بەڵام پێویستە یەکێتی ئەوەی لارِونبێت کەسروشتی دروستبون و پێکهاتەی پارتی جیاوازەو گەر ئەوە لەلایەن تەواوی تێکۆشەرانی کوردەوە قبوڵ بکرایا ، ئەوە یەکێتی هەر دروست نەدەبوو وەپێویستیش نەبوو دروستبێت ...! بۆیە دەبێ یەکێتی خۆی لەو قەیرانەش رزگاربکات کە کەوتۆتە رەدفیعلەوە لەبەرانبەر پارتی ، چونکە ئەوەش بەدیوێکی تردا پەلکێشکردنی یەکێتییە بۆ ناو ململانێیەك کەیەکێتی لە کردار دوردەخاتەوە ... دەبێ یەکێتی ژیرانە خۆی لەو رەدفیعلە رزگاربکات و بگەرِێتەوە ئەو دۆخەی کەیەکێتی خاوەنی کرداری بوێرانەبوو .. هەموو ئەمانەش بەرِێکخستنەوەی هەیکەلە

شێواوەکەی یەکێتی دەبێت .. گەر دەیەوێت بژی .. بمێنێ .. ئەوە دەبێت کاربکات بۆئەوەی ئەوچاکسازییانە لەخۆیدا بکات و خۆی نوێ بکاتەوە .. چونکە مومکین نییە بتوانێ بەو وەزعەی ئێستایەوە هەر وەك هێزێکی کاریگەر درێژە بەتەمەنی خۆی بدات و چەندی تر بژێت سەرئەنجام کۆتایی دێت ..کە کۆتایی یەکێتیش کۆتایی زۆر خەون و ئومێدو سەروەری کوردە.. هەربۆیە یەکێتی لەبەردەم بەرپرسیارێتی گەورەدایە بۆ خۆچاککردنی و خۆ نوێکردنەوەی ... کەئەکرێت هەنگاوی یەکەمیشی لەئێستادا لەوێوە دەست پێبکات بڕیاربدات ( مەکتەبی سیاسی ) هەبێ کەبەفیعلی مەکتەبی سیاسی بێت و کاریان دانانی بەرنامەو ئاراستەکردنی یەکێتی و جەماوەرەکەی بێت بۆ تێکۆشان بەو ئاراستەیەی کەخزمەت بەمیللەتەکەمان دەکات .. کە بەبڕوای من دەستپێکردنی ئەم هەنگاوە هەر خۆی دەبێتە هۆی هاتنە پێشەوەی گەنجەکان . چونکە کەبڕیاردرا ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ببرێنەوە مەکتەبی سیاسی و کاری مەکتەبی سیاسی بکەن ، ئەوکاتە لێپرسراوێتی هەموو مەڵبەندەکان دەتوانرێت بەگەنج پڕبکرێتەوە کەڕاستەوخۆ پەیوەندیان بەژیانی خەڵك و تەنزیمەوە هەیە ، پێم وایە رێگایەکی گونجاوە بۆ گەنجکردنەوەی یەکێتی کەهەنگاوی یەکەممان و لەم قۆناغەی پێش کۆنگرەدا بەوە دەست پێبکەین کەلێپرسراوی هەموو مەڵبەندەکان لەدەرەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی بن ، بۆ ئەوەی لەلایەك ژمارەیەکی نوێ بێنە پێشەوەو لەلایەکیش بۆئەوەی ئەم هێزەی ئێمە مەکتەبێکی سیاسی کارای هەبێ کە بتوانێ لەئاستی روداو پێشهات و گۆڕانەکاندابێت و بتوانێ یاخود بواری هەبێ بۆئەوەی خۆی تەرخانبکات بۆهەڵسەنگاندنی هەل ومەرجە سیاسییەکان و دارشتنی بەرنامەی پێویست بۆ ئاراستەکردنی ئەم هێزەی یەکێتی لەپێناوی دەستکەوتی گرنگتردا بۆ میللەتەکەمان .. کە لەم دووساڵەی دوای روخانی سەدامداو دوای گەڕانەوەمان بۆ کەرکوك ، تەنها بۆ تێکۆشان لەپێناوی کەرکوکدا یەکێتی پێویستی بەوە هەبوو چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی تەرخانبکردایا مانگانە خەریکی دراسەی کەرکوك بن و چاودێری کەرکوکیان بکردایا بۆئەوەی کەرکوك وای بەسەرنەهاتبایا ، کەئەوە بەرپرسیارێتییەکی گەورەیە لەئەستۆی یەکێتی چونکە یەکێتی ئەیتوانی نەهێڵێ کەرکوك بگاتە ئەم قۆناغە ترسناکەی کەمەترسی لەدەستچونی زۆرترە لەهیوای سەرکەوتن...

هەر دەکرێت ئەوەش بکرێتە فرسەتی ئەوەی کەبوار بدرێت کۆمەڵێ لەتێکۆشەرانی ژنان بێنە پێشەوە تا لەکۆنگرەدا ژمارەیەکیان بچنە کۆمیتەی سەرکردایەتییەوە .. چونکە ناکرێ یەکێتی وەك هێزێکی پێشکەوتوخوازو داکۆکیکار لەمافی ژنان و هەڵگری پەیامی وەك یەکی ژن وپیاو لەکوردستاندا ، کەچی ژنێك لەسەرکردایەتییەکەیدا نییە ..! بەڵام حیزبێکی وەك یەکگرتووی ئیسلامی (5)ژن دەباتە کۆمیتەی سەرکردایەتییەکەیەوەو تەنانەت کۆمەڵی ئیسلامیش دەرفەتی ئەوەی رەخساند ژن بگاتە سەرکردایەتییەکەی ..! دەبێ یەکێتی بەدیلی مەشروعی بۆ هەموو ئەو عەیب وعارانەی هەبێ لەئێستادا تاکۆنگرە دەبەستێ و چارەسەری ریشەییان بۆ دادەنێت ..! چونکە ناکرێ هەر بەوشێوەیە بمێنێتەوەو خۆی بەئالا هەڵگری پێشکەوتنخوازان بزانێ.. چونکە مانەوەی ئەو کەموکوڕیانە یەکێتی بەرەو لاوازییەك دەبات کەسەروەرییەکانی خۆی پێنەپارێزرێت چ جای ئەوەی چاوەڕوانی سەروەری تری لێبکرێت ...! چونکە دەبێ یەکێتی لەوە تێبگات کەئێستا هێزێکی زیندوو نییە ، بەڵکو هێزێکی ئازایە ، کەجیاوازی لەنێوان ( ئازاو زیندودا ) زۆرە .. یەکێتی بەوە دەبێتە هێزێکی زیندوو کە خۆی نوێ بکاتەوە .. ئەگینا تەنها بەئازایەتییەکەیەوە ناتوانێ درێژە بەتەمەنی خۆی بدات ... چونکە کامڵ

بوونی رۆژبەڕۆژ لە ئازایەتییەکەشی کەم دەکاتەوە ..! پێویستە ئەوەشمان لەبەرچاوبێت نوێکردنەوە تەنها بەومانایە نییە کادرێکی گەنج بخرێتە شوێنی کادرێکیتر کەئەگەر پیریش بوبێت بەڵام خاوەن تەجروبەیەکی زۆر .. بەڵکو کۆڵەکەی نوێکردنەوە لەنوێکردنەوەی بەرنامەی سیاسی وگۆڕینی سیستەمی کارکردنەوە دەست پێدەکات کەبەبڕوای من ئەوەی ئێستا کاری لەسەردەکەین زۆر نەگونجاوە لەگەڵ ژیانی سیاسی و ئیداری و کۆمەڵایەتی ئێستادا .. هەر بۆنمونە لەسنوری هەموو مەڵبەندێکدا مەڵبەندی رێکخستن خۆی بەحاکمی ناوچەکە دەزانێ لەکاتێکدا حکومەتەکە هی یەکێتی یە ، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەو لەقۆناغێکدا زۆرترین ئەندامانی مەکتەبی سیاسی وەزیربوون لەحکومەت ئیتر چ پێویستدەکات مەڵبەندێك پێی وابێ ئەو سەرکردایەتیەکی بچوکی حیزبەکەیە لەناوچەکەدا ، لەکاتێکدا کەحوکومەت حیزب پێکی هێنابێ دەبێ مەڵبەندەکان تەنها بەرپرسبن لەو ژمارەخەڵکەی هاتونەتە ریزەکانی یەکێتییەوەو جەماوەری یەکێتین ، بەڵام جاری واهەیە کادیری مەڵبەندەکان رای لەسەرگۆڕینی مامۆستای خوێندنگاکانیشدا هەبووە . ئەی ئیتر پەروەردەت بۆچییە ..!؟ ئەمە تادەگاتە دەستوەردان لەکاروباری زراعی و زەوی وزارو کاری بازرگانی و هەموو فەرمانگەکان , کە لەواقیعدا هێزێکی سیاسی وەك یەکێتی کەوا زیاتر لەدەساڵە خۆی حوکمی ناوچەکە دەکات و دامودەزگاکان بەکادری ئیداری خۆی پڕدەکاتەوە ئیتر بەهیچ شێوەیەك گونجاونییە پەیڕەوی هەمان ئەوسیستەمی کارکردنەی مەڵبەندەکان بکات کەلەهەشتاکاندا کردویەتی..! قۆناغی شۆڕش و دەسەڵات دەبێ جیاوازییەکانی بەسیستەم و شێوازی کارکردنەوە دیاربێ و ناکرێ حکومەت حیزبێك پێکی هێنابێ و کەچی رۆژانە لەناوچە جیاجیاکاندا هەر ئۆرگانێکی حیزبی خۆی بەکوێخای حکومەت بزانێ ،

پێویستە یەکێتی ئەو حاڵەتە موعالەجەبکات و کاتێ لەهەڵبژاردندا خەڵك متمانە ئەداتە یەکێتی ئەوکاتە هەقی خۆیەتی باشترین کادری ئیداری خۆی لەدەزگاکان دابنات بەڵام ناکرێ کادیرەکەی خۆیشی دابنێ و کۆمیتەیەکی رێکخستنیش پێی وابێ مادام یەکێتی حوکم دەکات ئیتر کۆمیتە حاکمە لەناوچەکەدا ..

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دەبێ سەرکردایەتی یەکێتی ئەوەی لەبەرچاوبێت کەبەرپرسیارێتی ژمارەیەکی زۆری خەڵك ژیان و گوزەران وئاییندەیان بەستراوە بەیەکێتی یەوە ، بەتایبەت ژمارەیەکی زۆری کەس و کاری شەهیدان لەگوزەرانێکی خراپدا دەژین و زۆرن ئەوخێزانانەی گەر موچەی شەهیدانەکەیان ببڕێ دەبێ ژنی شەهیدەکە بچێت جل شۆری بۆ دراوسێکانی بکات بۆئەوەی منداڵەکانی پەروەردەبکات .. پێویستە یەکێتی ئەمەی بەباشی لەبەرچاوبێت و ئەگەر دەربەستی ژیانی خۆیشی نایات دەبێ خەم لەژیانی ژن ومناڵی ئەوانە بخوات واخۆیان بۆ یەکێتی بەکوشتداوە یان یەکێتی بەکوشتی داون ..

حاڵەتێکی تریش کەپێویستە ئەم هێزە لەبەرچاوی بگرێت ئەوەیە کەململانێی نێوان هێزە سیاسیەکانی کورد ئەوەندە دوربووە لەبەهاشۆڕشگێڕی و ئینسانیەکان ، بۆی هەیە ئەگەر یەکێتی بشکێ خەڵك هەبێ سود لەکەس وکاری ئەوجاش وخۆفرۆشانە وەرگرێت کەلەسەردەمی شۆڕشدا کوژراون بۆ شکاندنەوەو دادگایکردنی ئەفرادەکانی ناو یەکێتی..! لەلایەکی تریشەوە بەرپرسیارێتی گەورەی ئەستۆی یەکێتی ئەوەیە ئایا حساب بۆبەدیلی یەکێتی کراوە .!؟ کە نەك دورنییە بەڵکو ئاماژەکان روونن بەتێکشاندنی یەکێتی ، کوردستان بەو ئاراستەیەدا دەڕوات ئەگەر لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانیشەوە داگیرنەکرێتەوە ئەوا یان تەیاراتی ئیسلامی کۆنترۆڵی دەکات

یا ئەوهێزانەی کەدواجار ئازادییەکان ئەوەندە بەرتەسک دەکەنەوە کەلەگەڵ قۆناغی داگیرکاریدا جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبێ ، بۆیە لێرەوە بەرپرسیارێتیەکەی یەکێتی دەگۆڕێ و نەک تەنها بەرپرسیارە لەخۆی وەک یەکێتی و بەرپرسیارێتی ئەم قۆناغەو ژیانی ئەوانەی پێوەی بەندن ، بەڵکو بەرپرسیارێتی داهاتووی ئەم میللەتەش دەکەوێتە ئەستۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لەناویەکێتیشدا بەپلەی یەک بەرپرسیارێتیەکە دەکەوێتە ئەستۆی کادیرە وەسەتیەکانی یەکێتی.. هەرچەندە رەنگە کارێکی قورسبێت بەرپرسیارێتی داهاتوی نەتەوەیەک بخەیتە سەرشانی نوخبەیەکی دیاریکراوی ئەو نەتەوەییە ، بەتایبەت لەوڵاتێکی وەک کوردستاندا کەژمارەی ئەوانەی هەست بەبەرپرسیارێتی دەکەن زۆرکەمن و بەتایبەتیتریش لەبەرئەوەی کورد دوژمنەکانی هەرماون و بەتێکشکاندنی کورسیەکەی سەدام کۆتای بەدەسەڵاتی دوژمنانی کورد نەهاتووە .. پیلان ونەخشەی دوژمنانی کورد بۆ لەباربردنی بەدەستهاتووەکانی ئێستای کوردو رێگری دروستکردن لەبەردەم داهاتوماندا هەربەردەوامن ..! بۆیە ئەو دەستنیشانکردنە کارێکی قورسەو بۆمنیش بەرپرسیارێتیەکی گەورەیە کەئۆباڵی نەهامەتیەکانی داهاتوو بدەمە سەر ژمارەیەک کەسی دیاریکراودا، کەلەحەقیقەتدا سونەتی ژیان وایە هەر نەوەیەک بەرپرسە لەزامنکردنی داهاتویەکی گەش بۆنەوەی دوای خۆی .. تۆ بێیت لەنەوەیەکدا بەرپرسیارێتیەکە بخەیتە ئەستۆی ژمارەیەکیان تەنها لەبەرئەوەی لەهێزێکی سیاسیدا کاردەکەن ، بەتەئکید دەستیشانکردنێکی قورسە .. بەڵام دیارە هۆکاریش هەن بۆئەوەی ئەودەستنیشانکردنە بەلای منەوە بەو شێوەیەبێت ..!

لەبەرئەوەی من وایدەبینم کەیەکێتی لەڕابردویدا هێزێک بووە توانیوێتی کورد لەتوانەوە رزگاربکات ، هەرچەندە کاک مسعود بارزانی لەوتارێکیدا ئەڵێ ( ئەگەر پارتی دروست نەبوایا ئەوە نەلەکوردستانی عیراق و نەلەسوریاو نەلەتورکیاو نەلەئێران کورد نەدەما ) ناڵێم لەپارچەکانی تری کوردستان بەڵام بەدڵنیایەوە ئەمە لەم بەشەی کوردستاندا بۆ (ی.ن.ک) راستەو ئەگەر یەکێتی دروست نەبوایا کورد بەرگەی هەڵمەتەکانی سڕینەوەی نەدەگرت، هەموو ئەوانەیش کەئێستا بەدەستهاتوون ( ی.ن.ک ) رۆڵی گەورەی لەبیناکردنیاندا هەبووەو بۆ داهاتوش ئەگەر یەکێتی رێکبخرێتەوە بەدیهێنەری تەواوی خواستە نەتەوایەتیەکانمان دەبێ و بەپێچەوانەیشەوە مەرگی یەکێتی بەمەرگی ( پرۆژەی کوردایەتی ) دەبینم و هەست ناکەم لەم قۆناغەشدا بتوانرێ هێزێکی تری کاریگەری وەک یەکێتی دروستبکرێت و ببێتە بەدیل یاخود جێگرەوەی یەکێتی ..

بڕوایشم وایە ئەم وەزعەی ناوخۆی یەکێتیش کەس لەئاسمانەوە نەهاتۆتە خوارەوە دروستی بکات و کاریگەری دەرەوەی یەکێتی و دەستی نەیارو دوژمنەکانی یەکێتی نییە ئەوەندەی پەیوەندی بەواقیعی ناوخۆیی یەکێتی و رەنگدانەوەی ململانێی ناوخۆو خراپ کارکردنی بەرپرسانی یەکێتی خۆیەوە هەیە ، بۆیە زەرورییەتێکی حەتمی دەبینم بۆ چاکسازیکردن تیایداو زۆربەی کادیرەکانی سەرکردایەتیش بەرپرسیاری یەکەمن لەخوڵقاندنی ئەو وەزعە خراپەی یەکێتی و وایدەبینم ئەم قۆناغەی یەکێتی کراوە بەئامانج و تێکۆشانی بۆکراوە تا یەکێتی پێی بگات و بڕواشم وانییە سەرکردایەتی یەکێتی خۆی بتوانێ یەکێتی لەم قۆناغە تێپەڕێنێ و ئەوەندەی هەستدەکرێت هەنگاوەکانی شێواندنی گورجترن لەو هەنگاوانەی بۆ باشکردنی ئەنرێن ، کەدرێژەدان بەو وەزعەو بێدەنگ بوون لەئاستیدا ئایندەی یەکێتی بەرەو هەڵدێران ئەبات و هەڵدێرانی یەکێتیش بەدەر لەبەدەرچونی خوێنی شەهیدان و رەنج و خەباتی هەموو تێکۆشەرانی ناو یەکێتی و نەمانی زەمانەت بۆ بەدەستهاتووەکانی

ئەمرۆ ، دروستکردنی نائومێدیەکی گەورەشە بۆ تەواوی تێکۆشەران و دیموکراتخوازانی دەرەوەی یەکێتی لەم بەشەی کوردستان و پارچەکانی تری کوردستانیشدا ، بۆیە بەرگرتن لەخراپتربوونی یەکێتی دەبێتە ئەولەویەتی مەسئولیەتی سەرشانمان و هەوڵدان بۆ باشکردنی یەکێتی و ئامادەکردنی وەك هێزێکی هەستیارو کاریگەر بۆ قۆناغی داهاتومان ، مەسئولیەتێکی گەورەیەو بەپلەی یەك لێرەدا بەرپرسیارێتیەکە دەکەوێتە ئەستۆی کادیرە وەسەتیەکان ، ئەوەش لەبەر ئەوەی ئایندەی یەکێتی باشبێ یان خراپ هەر بۆئەوانەو ژیان و داهاتووی کادیرێکی وەسەتی تەمەن سی چل ساڵەی زیاتر پێوە بەندە وەك لەکادرێکی سەرکردایەتی حەفتا ساڵ ، ئەمە ئەگەر بیرکردنەوەی کادیری وەسەتی تەنها بیرکردنەوەبێت لەپاراستنی ئەو ماڵەی تیایدا ئەژی.. ئەی چ جای ئەوەی کادیری وەسەتی یەکێتی نوخبەیەکی رۆشنبیرو تێکۆشەری ئایندەخوازن و درك بەو مەسئولیەتەی سەرشانیان دەکەن کەبەرپرسیاری داهاتویی نەتەوەو نیشتمانیشیان لەسەرە ، بۆیە بەدڵنیاییەوە لەم قۆناغەشداو لەم هەل و مەرجەی ناویەکێتیشدا ئەرکی خۆیان دەزانن و دواجار رۆڵی گەورە لەنوێبونەوەی یەکێتیدا دەبینن و بەئاراستەیەکیدا دەبەن کە یەکێتی ببێتەوە بەو هێزە جەماوەرییەی توانای گۆڕانی ریشەی لەکۆمەڵدا هەبێ و بەئەندازەیەك هێزێکی زیندوو هەستیاربێت بچوکترین دەرفەت بۆ زۆرترین قازانجی نەتەوەیی بقۆزێتەوە ... کە گۆڕان و نوێکردنەوەی یەکێتی و هەرچاکسازییەکیش کەبەنەتیجە خزمەت بەیەکێتی بگەیەنێ هەر لەسەر دەستی کادیرە گەنجەکانی یەکێتی دەکرێت و ئەرك و بەرپرسیاریەتیەکەیش لەئەستۆی ئەواندایە .. راپەڕاندنی بەرپرسیارێتیەکەش لەوەوە دەست پێدەکات کە واقیعێك بێنینە پێش چاوخۆمان وادابینێین هەمومان لەناو بەلەمێکی گەورەداین و چارەنوسی هەمومان پێکەوەیەو ناتوانین لەیەکتر جیابینەوەو ناشتوانین دابەزین ، هەمومان دەبینین وا بەلەمەکەمان کونێکی تێبووەو ئاو دێتەژورەوە گەر چارەسەری نەکەین وردە وردە ئەو کەمە ئاوەی دێتەژورەوە دەبێتە هۆی غەرق بوونی بەلەمەکەمان و کەسمان ناتوانین خۆمان رزگاربکەین ، لەحاڵێکی وادا هەمومان بەرپرسیارین لەوەی کونی بەلەمەکەمان چاکبکەین .. رەنگە خەڵك هەبێ لەژیان بێزاربوبێت یاخود بڕوای بەوە نەمابێ ئەتوانین کاروانەکەمان بگەیەنینەسەر یا ئێستا ئەو لەشوێنێکی دڵگیری بەلەمەکەدا دانیشتووەو لەجوانی دەریا بڕوانێ و لای قورسبێت داوای لێبکەیت شوێنەکەت بگۆڕە بۆئەوەی بەلەمەکە چاك بکەین ، ئەو ئەوەندە ژیانی بەلاوە گرنگبێت تاخۆی لەجوانی دەریا ئەڕوانێ ..! یان رەنگە هەبێ ئازارو خۆشی و ناخۆشی دونیای زۆر چەشتبێ و گوێی لەغەرق بونی بەلەمەکە نەبێ ..! دەبێ کادیرە گەنجەکان واتەماشابکەن بەچاککردنەوەی بەلەمەکە دەگەنە ژیانێکی کامەرانترو درك بەو مەسئولیەتەش بکەن خەڵکانێکی زۆر لەکەناری دەریاکەدا ئومێدی ژیانی خۆیان بەستۆتە ئەوبەلەمەوەو ئومێدی ژیانی هەڵگرتووەو ئەوەشمان لەپێش چاوبێت خەڵکانی تریش چاوەڕوانی ئەوەن ئەوبەلەمە بیانپەڕێنێتەوە ، لەوحاڵەتەدا سەرنشینەکانی بەلەمەکە پێویستە ئەوەبزانن جگە لەژیانی خۆیان ژیانی کەسانێکی زۆریش لەکەناری دەریا بەستراوەتە چاککردنی بەلەمەکەوە ... هەرکەسێکیش داوای چاککردنی بەلەمەکە بکات نەتاوانەو نەخیانەتەو نەفێڵکردنە لەسەرنشینەکان ..! بەڵکو دڵسۆزی و بەتەنگەوەهاتنی ژیانی سەرنشینەکان و بەلەمەکەیە ، بۆیە دەبێ کادیرە ئایندەخوازو بەئومێدەکان بێنە مەیدانی هەوڵی چاکسازییەکەوەو بەدڵنیایشەوە هەر بەوان دەکرێت ..

پێویستە هەموو رەفتارو هەڵسوکەوتێکی سیاسی رۆژانەی یەکێتی لەوێوە لەبێژنگ بدرێت چەند خزمەت بەسەرکەوتن و زەمانەتی پەرینەوەی بەلەمەکە دەکات .. کەئەگەر لێرەوەو بەو شێوەیە خەم لەهێزەکەمان بخۆین بەدڵنیاییەوە پێمان چاکدەکرێت و دەتوانین ژیان بگەیەنینە ئەوانەی تریش واچاوەڕێی ئێمە دەکەن .. گەر هەموو ئەوانەمان خستە پێش چاوی خۆمان دەبێ سڵ نەکەینەوە لەوەی بەدوای رێگای گونجاودا بگەڕێین و باشترین رێگەیان دەستنیشانبکەین بۆچاککردنی شێواویەکانمان ، تەنانەت دەبێ ئەوەش دەستنیشانبکەین بەکامە رێگەو شێوازی کارکردن خزمەتی باشترو ستراتیژی تر دەکەین دەبێ ئەو رێگەیە بگرینەبەر ..! کەمن لەم بەشەی نوسینەکەمدا هەوڵ ئەدەم هەندێ لایەنی کارکردنمان بخەمەڕوو کەبەلای منەوە پێویستی بەدراسەی زیاتر هەیە کەچۆن مامەڵەی لەگەڵ بکەین لەقازانجی نەتەوەکەمان و بزوتنەوەکەیدایە ..! بەپلەی یەکەمیش مەسەلەی رێکخراوە دیموکراتیەکان تاوتوێکردنێکی واقیعیانەی پێویستەو دەبێ دور لەدەمارگیری حیزبی و بەرژەوەندی حیزبی و تاکەکەس یەکێتی پێیدا بچێتەوە کەئایا بەو شێوازی کارکردنەی ئێستای لەگەڵ رێکخراوە جەماوەرییەکاندا قازانجی بەکورد گەیاندووە یان زیان..! دەبێ ئێمە ئەوەمان لەبەرچاوبێت لەناو چی واقیعێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا کاردەکەین و هەل و مەرجی کوردستان لەبەرچاوبگرین و نەچین نمونەی وڵاتێکی پێشکەوتوی دیموکراتیی وابکەینە پێوەر بۆکاری رێکخراوەکان کەڕەنگە بەحەفتا ساڵی تریش ئێمە نەگەینە ئەم قۆناغەی ئێستای ئەوان ، ئێمە لەوڵاتێکداین پڕ لەململانێی نەتەوایەتی و هێشتا هەڕەشەی گەورە لەسەر نەتەوەکەمان هەیە ، ئەوەی بۆ ئەمڕۆ گرنگ و پێویستە تۆکمەکردنی بنەما نەتەوایەتییەکانمانەو بەهێزکردنی ریزەکانی چین و توێژەکانی کۆمەڵ پایەی نەتەوەیمان بەهێزدەکات و لەبەریەک هەڵوەشانەوەی یەکێتی ریزەکانی گەل و پارچەپارچە بونیان وەک کرمی ناو دار هەناوی نەتەوایەتیمان کلۆر دەکات .. لێرەوە گرنگە هەموو هێزە سیاسیەکانی سەرگۆڕەپانی سیاسی کوردستان هەڵوەستەی ئەوەبکەن بەهەمومان چەند دەستمان لەو کلۆرکردنە هەیە ..!؟ ئایا ئەم شێوازەی ئێستای کارکردنی یەکێتی لەگەڵ رێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکاندا چەند خزمەتی بەبەهێزکردنی بنەما نەتەوایەتیەکان کردووەو چەندیش رۆڵی لەلاوازکردنیدا هەیە ..!؟ ئایا لەکاتێکدا ئێمە لەڕێگەی مەکتەبی رێکخستن و مەڵبەند و کۆمیتە پیشەییەکانی رێکخستنەوە کەناڵی پەیوەندیمان دەستنیشانکردوە بۆ بەئەندام بونی هەریەکێک کەدەیەوێ بێتە ریزەکانی ( ی.ن.ک ) ەوە ، پێویستە یەکێتی بەرنامەی سیاسی بەشێوەیەک بگۆڕێت کەچین و توێژەکانی کۆمەڵ یەکێتی بەوەبزانن کەبەدیهێنەری خواست و مافەکانیانە ، نەک بۆ هەر شەریحەیەکی کۆمەڵایەتی رێکخراوێک دروستبکەین ، بۆنمونە ئێستا مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکانی یەکێتی سەرپەرشتی زیاتر لەچل رێکخراو دەکات ، ئێمە کەئەم مافە بەخۆمان رەوا دەبینین دەبێ هەمان ئەو مافە بدەینە هەموو حیزبە سیاسیەکان و پێم وایە هەروەک مۆدێل هەموو حیزبێکیش ئەوەی هەیە .. باشە ئەگەر کرێکاران بن بەبیست پارچەوە ، خوێندکاران بەوشێوەیەو لاوان هەمان شت و تەواوی چین و توێژەکان بەوشێوەیە پارچەپارچەبن ..! ئیتر کامەیە بەهێزیی پایەی چین و توێژەکانمان . بۆ نمونە کاتێ مامۆستایان بیست رێکخراوی پیشەییان هەبوو هەر رێکخراوێکیشیان لەحیزبێکی سیاسیەوە رێنمای وەرگرت ئیتر بەهێزی یەکێتی مامۆستایان لەکوێدایە .!؟ کەهەریەک لەحیزبەکان کەرتی رێکخستن و کۆمیتەی رێکخستنی تایبەت بەمامۆستایانی هەیە چ پێویستە هەریەکەیان رێکخراوێکی پیشەیی مامۆستایانیشیان هەبێ ..!؟ کەس رێی لەوە

نەگرتووە حیزبێکی سیاسی مامۆستایان بەرێتە ریزەکانی خۆیەوەو بیانکات بەئەندام و کادری خۆی ، ئیتر بۆ لێناگەڕێن ڕێکخراوێکی پیشەی بێلایەنی مامۆستایان هەبێ و باهەر حیزبە هەوڵبدات زۆرترین ئەندامانی یەکێتی مامۆستایان تەیدی سیاسەتی ئەو حیزبە بکەن یاخود ئەندامی بن .. ئەمە بۆتەواوی چین و توێژەکان هەروایەو دەیان ڕێکخراوی خوێندکاران و قوتابیان هەیە ، کەتۆ کۆمیتەی ڕێکخستنی خوێندکاران و کۆمیتەی ڕێکخستنی پەیمانگاکان و کۆمیتەی ڕێکخستنی زانکۆت هەیە بۆدەبێ کۆمەڵەی خوێندکارانیش وەك ئۆرگانێکی تر سەر بەیەکێتی بێت ، تەنها جیاوازی ئەوەیە کۆمیتەکان سەربەمەکتەبی ڕێکخستنن و ڕێکخراوەکانیش سەربەمەکتەبی ڕێکخراوەکانن کە دوو مەکتەبی (ی.ن.ك) ن ، ئایا ئەم پارچەپارچەییەی ڕێکخراوەکان چەند لەتواناو وزەی ڕێکخراوەکانی کەمکردۆتەوە ، کامەیە کاریگەری لاوان لەکاتێکدا کراون بەبیست پارچەوە .. کەئەم چارچە پارچەکردنە بەدیویێکیتردا وەك کۆتی دیلێتی وایە کراوەتە گەردنی کۆمەڵ .. ئایا چەند لەگەڵ ئامانجەکانماندا یەکدەگرێتەوە کەدەخوازین خەڵك ئازادبێت ڕێکخراوەکان هەڵقوڵاوی ناو واقیعی چین و توێژەکانبن ، رەنگە ئێستا زۆرێکمان نمونەی وڵاتانی ئەوروپا بهێنینەوە کەبەهەزاران ڕێکخراو دەستەو کۆمەڵەی هاوشێوەهەن ، بەڵام بۆ تەنها لەوەدا شەرعیەت بەخۆمان ئەدەین لاسایی ئەوروپا بکەینەوە کەلای ئێمە بەزیان شکاوەتەوە چونکە هەڕەشەی سڕینەوە لەسەر هیچ وڵاتێکی ئەوروپا نییەو کەی ئێمەش وەك ئەوان بوین بەخاوەن کیانێکی سەربەخۆو ئاستی پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵ و تێڕوانینی حیزب لەژیان و دەسەڵات وەك ئەوروپای لێهات ، باهەزاران ڕێکخراویش لای ئێمە دروستبن .. کەئەوەی ئێستا لەئەوروپاش هەیە جیاوازە لەوەی لای ئێمە هەن ، لای ئێمە وەك

ئۆرگانی حیزبی وان و ئەگەر بەلامانەوە پەسەندە وەك ئۆرگانی حیزبی کاریان لەگەڵ بکەین ئەوە مەکتەبی ڕێکخستنمان هەیەو پێویست ناکات مەکتەبێکی تریان بۆبکەینەوە ..! یەکێتی هەقی خۆیەتی پشتگیری هەموو ئەو ڕێکخراوانە بکات کەلەسیاسەتی یەکێتی نزیکن، لەو حاڵەتەدا یەکێتی پێویستی بەمەکتەبێکی تەنسیقی ڕێکخراوەیی هەیە نەك مەکتەبێك کەلەئەندام سەنتەری قەزایەکەوە تا سکرتاریەتی ڕێکخراوێك لەلایەن مەکتەبی ڕێکخراوەکانەوە سەرپەرشتی دەکرێن و دانان و لابردن و دەرکردنیان بەدەستی مەکتەبی ڕێکخراوەکانە.. کەزۆربەی هەرە زۆری ئەو ئەندامانەی لەڕیزەکانی ڕێکخراوەکاندا هەیە هەمان ئەو ئەندامانەن کەلەڕیزەکانی ڕێکخستندان ، دەبێ یەکێتی بەدوای میکانزمێکی تردا بگەڕێت بۆتەعامولکردن لەگەڵ ڕێکخراوە جەماوەریەکاندا ، چونکە ئێستا زۆرکەس پێی وایە ئەوە بەکۆیلەکردنی موجتەمەعە کەیەکێتی دەیکات ..! زۆر کەسیش بڕوای وایە تا ڕێکخراوەکان ئازادتربن و چین و توێژەکان دورلەدەستی حیزب ڕێکخراوی تایبەت بەخۆیان دروستبکەن لەنەتیجەدا خزمەت بەئامانجەکانی یەکێتی دەگەیەنێ ..! من دڵنیام ئەگەر یەکێتی دورونزیك پەیوەندی بەڕێکخراوەکانەوە نەمێنێ و بەئازادی سەدان ڕێکخراو دروستبن لەنەتیجەدا سەدا هەشتا بۆ نەوەتی پشتگیری لەسیاسەتەکانی یەکێتی دەکەن و بەوەش حیزبەکانی تریش دەکەونە بەردەم مەوقیفی ئیحراجەوە کەدەبێ دەستبەرداری ڕێکخراوە جەماوەریەکانیان بن ..! بەوەش گەورەترین خزمەت بەدیموکراسی دەکەین کەئامانجمان بەدیموکراتی کردنی کۆمەڵی کوردییە .. چونکە دەبێ ئەوەمان لەبەرچاوبێت حیزبایەتی کردن لەوڵاتی ئێمەدا وەك مۆدێل و چاولێکەری هەموی لەیەکتر دەچێت ، ئیتر دەرگاکان کراوەتر دەبن دورنییە چەندین حیزبی تر دروستبن ، گەر هەموی هەر کۆمەڵێ هەیکەلەی

رێکخراوی پیشەی و دیموکراسی دروستکرد وردە وردە ئەو رایەڵانەی بنەمای نەتەوایەتیمان پێکەوە دەبەستێ هەموویان هەڵدەوەشێنەوە .. بۆیە دەبێ یەکێتی ئەودەستپێشخەرییەبکات و مەکتەبی رێکخراوەدیموکراتییەکانی خۆی هەڵبوەشێنێتەوە ..!

یەکێکی تر لەولایەنانەی کە لەیەکێتیدا پێویستی بەوەیە هەڵوەستەی جدی لەسەربکرێت ( ئیعلامە ) و ئەگەر بڕیاربێت شتێك لەیەکێتیدا بکرێت و پێی بوترێت ( چاکسازی ) دەبێ لەدوای چاکسازی سیاسی و رێکخراوەییدا چاکسازی ئیعلامی بکرێت ، ئەوەش نەك لەبەرئەوەی کەئێستا ئیعلامی یەکێتی شێوابێت و پێویستی بەوە هەبێ چاك بکرێتەوە ، چونکە ئیعلامی یەکێتی لەهیچ سەردەمێکدا بەئەندازەی ئێستای فراوان نەبووە ، ئەکرێت یەکێتی لەئێستایدا پێی وابێ لەڕوپی ئیعلامییەوە لەقۆناغێکی زۆرگەشەکردوو دایە ، جاران ئەگەر لەڕادیۆیەك و گۆڤارێك و چوارپەڕەی رۆژنامەو تیپێکی مۆسیقی و دەزگایەکی چاپکردن پێکهاتبێ ، ئێستا گەیشتۆتە ئەوەی لەزۆربەی شاروشارۆچکەکانیشدا کەناڵی تەلەفزیۆنی و رادیۆو رۆژنامەی هەیە ، بەتایبەتیش لەدوای روخانی بەعسەوە بەبەراورد لەگەڵ هەموو تەمەنی یەکێتیدا لەڕوی فراوانبونەوە زۆرگەشەی کردووەو زۆرترین سودی لەئامرازەکانی راگەیاندن وەرگرتووە ، بەڵام پرسیارەکە لێرەدایە تاچەند ئەو پەرش و بڵاوییەی ئیعلام خزمەت بەیەکێتی دەکات یان یەکێتی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئامرازەکانی راگەیاندنیدا بکات سود بەخۆی و رەوتی پێشکەوتنی میللەتەکەی دەگەیەنێ .!؟ ئەم پرسیارەیە وادەکات یەکێتی پێویستی بەچاکسازی ئیعلامی هەبێ ..! بەتایبەت دەبێ دراسەی ئەوەبکات ئایا یەکێتی پێویستی بەئیعلام ماوە بەو مانا ئیعلامییەی کەئێستا هەیەتی .!؟ یا یەکێتی چ جۆرە ئیعلامێکی پێویستە .!؟ ئەو تێکەڵوپێکەڵییەی ئێستای ..!؟ یاخود ئیعلامێکی حیزبیانە ..!؟ یا پشتگیری لەئیعلامێکی ئازاد بکات کەنزیك بێت لەسیاسەتی یەکێتی ..!؟ بەهەرحاڵ یەکێتی لەچاکسازی ئیعلامیدا بڕیار لەسەر هەرکامێك یا هەرجۆرە ئیعلامێك بدات لەوەی ئێستای باشترە ..! گەرچی یەکێتی هەر لەدروستبونییەوە دەزگای ناوەندی راگەیاندنی هەبوو لەقۆناغەکانی شۆڕشیشدا رۆڵی راگەیاندنی یەکێتی هیچی لەڕۆڵی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە کەمتر نەبوو ، بەو ئامرازە ساکارانەی ئەو سەردەمەوە لەبواری راگەیاندندا یەکێتی ( موعجیزەی نواند ) ، بەڵام ئەم قسەیە بەو مانایە نییە کەیەکێتی لەئێستایدا بگەڕێتەوە سەرهەمان رێچکەی راگەیاندن کەئەوەیان بۆ ئەو قۆناغەی تێپەڕی پێویست بوو نەك بۆ ئەمڕۆو بۆ داهاتوو ..! ئەوەی ئەمڕۆ هەیە بەدەر لەمەکتەبی ناوەندی راگەیاندن کەدرێژکراوەی راگەیاندنی سەرەتای یەکێتییەو ئەمڕۆ لەهەریەك لەشارەکانی سلێمانی و کەرکوك و هەولێرو دهۆك و بەغدادو خانەقین و کۆیەو رانیە تەلەفزیۆنی ناوخۆیی هەیەو لەبەغدا کەناڵێکی ئاسمانی بەزمانی عەرەبی و لەسەر تۆڕی ئینتەرنێتیشدا سایتی (puk media) و دوو رۆژنامەی رۆژانەی بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی هەیە ، لەمەکتەبی رێکخستن و هەموو مەڵبەندەکانی یەکێتیشدا بەشێك هەیە بەناوی ( راگەیاندن) و لەزۆربەی مەڵبەندەکانی یەکێتیشدا یا رۆژنامە یان گۆڤار دەردەکەن و زۆربەی مەڵبەندەکان رادیۆیی تایبەت بەمەڵبەندی خۆیانیان هەیە و مەڵبەندی کەلاریش تەلەفزیۆنێکی بۆخۆی داناوە، ئەمەی مەڵبەندەکانیش درێژکراوەی ئەو هەیکەلەیەیە کەمەکتەبی رێکخستن لەڕابردودا کاری لەسەرکردووەو هەر مەڵبەندێك چەند بەشێکی هەبوو بۆ بەڕێوەچونی کاروبارەکانی لەسنوری چالاکی مەڵبەندەکەیدا ، بۆنمونە لەهەر مەڵبەندێکدا بەشی کۆمەڵایەتی هەبوو بەشی مافی مرۆڤ هەبوو بەشی رێکخراوە دیموکراتیەکان هەبوو ، دواتر ئەم

بەشانە لەمەڵبەندەکاندا نەهێڵدران و خرانە سەر مەکتەبەکانی کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ و مەکتەبی رێکخراوەکان .. بەڵام بەشی راگەیاندن و روناکبیری لەهەموو مەڵبەندەکاندا هەرماون لەکاتێکدا مەکتەبی بیرو هوشیاریمان هەیەو مەکتەبی راگەیاندنیش کەدوو مەکتەبی جیاوازن و لەمەڵبەندەکاندا ئەم دووبەشە تێکەڵن ( راگەیاندن و روناکبیری ) ، مەبەستم لەوەنییە ئەم دووبەشەیش لەمەڵبەندەکان نەمێنن و ببن بەبەشێك لەمەرکەز و من دژی ئەوەم هەمووشتەکان مەرکەزی بن و پێم وایە ئەگەر کاتی ئەوەش هاتبێ یەکێتی بەرەسمی راگەیاندنی نەبێ ، هێشتا زەرورە لەمەڵبەندەکاندا ئەم دوو بەشە هەبن بەڵام ئەمان چی بکەن لەسنوری مەڵبەندەکانیاندا ئەمەیان قسەیەکی ترەو بەبڕوای من بەشە روناکبیرییەکەی زەرورە بەردەوام خول و کۆڕو کۆبونەوەی تایبەت بەلایەنی روناکیری سازبکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری ئەندامانی رێکخستن لەسنوری ئەو مەڵبەندەدا و بەشە راگەیاندنەکەشی هەر پێویستە بۆ رێکخستنی مەراسیمی حیزبی و ئاهەنگ و بۆنەکان چ بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و بەتایبەتیش ئەو موناسەبە تایبەتیانەی کەناوچەین و پەیوەندیان تەنها بەپارێزگایەك و بەسنوری مەڵبەندەکانەوە هەیە .. بەڵام نەك پێویست نییە بەڵکو هەر زۆر رەنگدانەوەی خراپیشی هەیە کەهەر مەڵبەندێك رۆژنامەی تایبەت بەخۆی هەیە، گەرچی ئەوە لەپەیڕەودا هاتووەو ئەو دەسەڵاتەی داوەتە مەڵبەندەکان کەلەسنوری چالاکی خۆیاندا بڵاوکراوە دەربکەن بەڵام ئەوەش وەك زۆر بەندوبڕگەی تر پێویستی گۆڕانیان هاتووە لەپەیڕەوداو ئێستا لەزۆربەی وڵاتانی دونیادا ئەو مۆدێلە بەسەرچوو کەحیزب بڵاوکراوەی هەبێ چ جای ئەوەی حیزبێك ئەگەر بیست مەڵبەندی هەبوو بیست بڵاوکراوەیشی هەبێ ، هەنگاوی یەکەمی چاکسازی ئیعلامی پێویستە لەوێوە دەست پێبکات هەموو بڵاوکراوەی مەڵبەندەکان رابگیرێت .. چونکە بەشێوەیەکی گشتی هێشتا لەوڵاتی ئێمەدا ئەو بوارە نەڕەخساوە کەبڵاوکراوەیەکی ناوچەیی کاریگەری لەسەرخەڵك و دەسەڵات هەبێ .. بەتایبەتیش کەبڵاوکراوەکە حیزبی بێت ئەوە نەبونی باشترە ..

سەبارەت بەمەکتەبی ناوەندی راگەیاندنیش کەسەرپەرشتی رۆژنامەو تەلەفزیۆن و رادیۆی مەرکەزی و چەند چاپخانەیەك دەکات ئەگەر بەمێژوی رابردوی یەکێتی و راگەیاندنی هەموو هێزە سیاسیەکانی تر بەراوردی بکەین بەتەئکید ئێستا زۆر گەشەی کردووەو لەماوەیەکی زۆرکورتدا فراوان بۆتەوە بۆنمونە لەساڵی 2003 بەرلەروخانی بەعس ، راگەیاندنی یەکێتی تەنها لەسنوری سلێمانیدا کاری دەکردو لەماوەی کەمتر لەساڵێکدا کەناڵەکانی گەیشتنە بەغداو کەرکوك و خانەقین و هەولێرو دهۆك و رانیە ، رۆژنامەی ئیتیحادی بردە بەغداو لەبەغداو کەرکوك چاپخانەی زۆرگەورەی دامەزراند کەئەگەر بەودیوەدا فراوانبونەوەی راگەیاندن و زۆربونی کەناڵی جیاجیاو سود وەرگرتن لەئامرازەکانی راگەیاندن وەرگرین بۆئەوەی زۆرترین خەڵك و فراوانترین ناوچە بکەوێتە ژێر کاریگەری راگەیاندنەوە ئەوا راگەیاندنی یەکێتی هەنگاوی گەورەی ناوە ، بەڵام ئەگەر ئەوەش بەو دیوەدا لێکبدەینەوە کەیەکێتی چۆن مامەڵەی لەگەڵ راگەیاندن بکردایاو بەچی شێوازێك خزمەتی زیاتری بەرەوتی تێکۆشانی کورد و بزوتنەوە دیموکراتیەکەی دەگەیاندو چەند زیاتر کاریگەری لەسەر شەقامی کوردی دەبوو بۆ ئاراستەکردنی خەڵکی کوردستان بەشێوەیەك کەبەشداری کاریگەرانەتریان هەبوایە لەخەباتی میللەتەکەماندا ، بەدڵنیاییەوە گەر بەوشێوەیە هەڵیسەنگێنین ئەوە بەشێوازێکی خراپ بەکاربراوە .. بۆنمونە ئەگەر ئەم ئامرازانەی راگەیاندنی یەکێتی وابهێنینە پێش چاو کەڕاگەیاندنێکی رەقیب بوایان بەسەر دەسەڵاتەوە

ئێستا ئیدارەو دەسەڵاتی کوردی گەیشبووە چ ئاستێکی زۆر لەئێستا باشتر .!؟ بەتایبەتیش کەئێستا مەسەلەی فەسادی ئیداری بەئەندازەیەک لەئیدارەی کوردیدا گەشەی کردووە بووەتە نمونە لەعیراقدا کەدوورنییە گەر بەوشێوەیە درێژە بکێشێ لەدەرەوەی دەسەڵاتی کوردیەوە لیژنەی نەزاهە بێتە سەر حکومەتەکەمان ..! ئەی ئەگەر راگەیاندنی یەکێتی راگەیاندنێکی کراوەبوایا چ رۆڵ وکاریگەریەکی لەسەر ئەوە دەبوو رێ لەفەسادی ئیداری بگرێت ، چونکە بەدڵنیاییەوە راگەیاندن لەپلەی یەکەمدا دێت بۆکەمکردنەوەی گەندەڵی و رۆتین .. لەکوردستاندا بەهۆی ئەوەی راگەیاندنەکانی یەکێتی داخراوبوون ئەو تاکوتەرا کەناڵانەی تریش کەبواری قسەکردنیان تیاهەبووە نەیانتوانیووە رۆڵێکی باش بگێرن لەبەرگرتن بەگەندەڵی چونکە لەوەشدا گەندەڵچییەکان سودیان لەراگەیاندنی یەکێتی وەرگرتووە بۆ خۆپەڕانەوە یان بەهۆی بێدەنگی راگەیاندنی یەکێتییەوە پاساویان بۆخۆیان دروستکردووە کەدرێژە بەگەندەڵی بدەن ..! لەبەرئەوەی راگەیاندنی یەکێتی بێدەنگ بووە ، ئەگەر رۆژنامەیەکیش قسەی کردبێ تاوانی خراوەتە پاڵ و بەدەستی دوژمنان لەقەڵەمیانداوەو ئەوەش بووەتە هاندەرێکی تر کەدرێژە بەگەندەڵی بدرێت ، بۆنمونە کەرۆژنامەیەکی سەربەخۆ یاخود رۆژنامەنوسێک لەسەر وەزارەتێک دەنوسێ جەنابی وەزیر دەچێتە خزمەتی سەرۆکی حکومەت و ئیتیهامی رۆژنامەو رۆژنامەنوسەکە دەکات کەئەوە دەستی فلانە حیزبی نەیارە ، بەمەش وەزیرەکەو وەزارەتەکەی لەوە رزگاریان دەبێ کە لەسەریان نوسراوەو دواتریش پشت ئەستورتر دەبن و بێباکانە درێژە بەکاری خۆیان دەدەن چونکە دەسەڵاتیش باوەڕدەکات کەئەو نوسینە دەستی دوژمنانەو بۆ ناشرینکردنی حکومەتە ئیتر بەم پاساوو بیانوانەوە گەندەڵیەکە دەگاتە ئەو ئاستەی کەئێستا هەیە ، بەڵام

پرسیارەکە لێرەدایە گەر کوردستانی نوێ گەندەڵی وەزارەتێک بخاتە ڕوو کەس ئەتوانێ بڵێ کوردستانی نوێ دەستی پاراستنەو بۆشکاندنی حکومەت وادەکات ..!؟ ئایا ئەو وەزیرەی کوردستانی نوێ لەسەری بنوسێت کورد واتەنی لوتی ناتەزێتەوە ..!؟ یان لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا کەیەکێتی تەمویلی بکات گەندەڵیەک بخرێتەڕوو وەزیرەکە دەردەکرێت یان تەلەفزیۆنەکە دادەخرێت ، کەئێستا نەک راگەیاندنەکانی یەکێتی ئەوە ناکەن لەتازەترین روداودا لەسەر داوای یەکێتی تەلەفزیۆنی حیزبی زەحمەتکێشان بەرنامەیەکی راگرت ..! دەبێ یەکێتی تێگەیشتنی بۆ ئیعلام بگۆڕێت و سیاسەتی ئیعلامی خۆی بگۆڕێت بەو شێوەیەی کەئێستا لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا پەیڕەو دەکرێت ، بڕواناکەم لەهەموو دونیادا جگە لەچەند وڵاتێکی کەم نەبێ لەهیچ شوێنێ باوی راگەیاندنی حیزب مابێ بەوشێوەیەی کەئێستا لەکوردستان کاری پێدەکرێت.. ئێستا کاری راگەیاندنی حیزبی لەکوردستان بووەتە هەواڵی بەرپرسانی حیزب و وێنەی سەرکردەی حیزب و تەنانەت وتاری بەخواستی حیزب ، رەنگە ژمارەی ئەو کادیرانەی یەکێتی زۆربن کەناچاربن بابەتەکانیان بۆ رۆژنامە ئەهلیەکان بنێرن کەیەکێ لەهۆکارەکەی ئەوەیە راگەیاندنی حیزب رۆژنامەو بڵاوکراوەکانی بەکۆمەڵێ چوارچێوەو هێڵی سورکێشراون کەرێ لەئازادی دەربڕین دەگرن .. باشە ئەگەر لەم قۆناغەشدا هێشتا وابەپێویست دەزانرێ کەحیزب بەهەمان شێوەی پێشووی راگەیاندن بەکاربەرێ چی روئەدات ئەگەر ئەوەی ئەمڕۆ بۆنمونە ( هاوڵاتی ) بڵاوی دەکاتەوە ( کوردستانی نوێ )یش بڵاوی بکاتەوە ، ئایا حیزب لەخۆی پرسیووە بەکام شێوەیەیان دەتوانێ کوردستانی نوێ والێبکات کاریگەری زیاتری هەبێ ، ئەوەی ئێستای یاخود وەک هاوڵاتی لێبکات ..!؟ گەر فەزایەکی ئازادانەتری لەتەلەفزیۆنەکانەوە برەخساندایا بۆ

قسەکردن ئایا لەئێستای زیاتر خزمەتی بەئامانجەکانی خودی یەکێتی و گەلی کورد نەدەگەیاند ، لەهەموو مەسەلە سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابورییەکانی کوردستاندا ..!؟ ئایا یەکێتی لەخۆی پرسیووە بەئازادکردنی راگەیاندنەکانی خۆی چەند رۆڵ لەپێشخستنی کۆمەڵی کوردیدا ئەگێڕێت چەند مەسەلەی دیموکراسی بەرەو پێش دەبرد ..!؟ کەپێویستە لەچوارچێوەی زەروریەتی خۆنوێکردنەوەی یەکێتیدا ، بەبڕوای من واپێویستدەکات یەکێتی هیچ رۆژنامەو رادیۆو تەلەفزیۆنێکی نەبێ کەبەناوی یەکێتییەوەبن ، بایەکێتی هەوڵ بدات ئەوکەناڵە ئیعلامیانە نزیکبن لەسیاسەتی یەکێتییەوە .. یان تەیدی سیاسەتی یەکێتی بکەن .. کەهەقە یەکێتی بۆهەرکەناڵێ یاخود ئامرازێکی راگەیاندنی خۆی کەسێکی هوشیارو بەئاگا دیاریبکات و هێڵە سیاسیەکانی بۆ دیاریبکات و ئیتر لێی بگەڕێت بابەئازادی کاری خۆیان بکەن .. کەبەدڵنیاییەوە بەو شێوەیە خزمەتی زیاتر بەیەکێتی و بەکوردو بەرەوتی رۆژنامەگەری کوردیش دەکەن ، چونکە ئەگەر یەکێتی بیر لەچاکسازی ئیعلامی خۆی نەکاتەوەو هەر ئەو رێوشوێنە ئیعلامیانە بگرێتەبەر کە لەپانزەساڵەی رابردوی و بگرە پێشتریشدا کاری لەسەرکردووە ئەوە بەدڵنیاییەوە وەك زۆر لایەنی تری یەکێتی بەسەردەچن و دواجار هیچ رۆڵیان نامێنێ و ناتوانێ بچوکترین کاریگەری دروستبکات ..! بەتایبەتیش کوردستان بەرەو کرانەوە دەڕوات و دورنییە لەمەودوا چەندین کەناڵی جیاجیای تەلەفزیۆنی و رادیۆیی و رۆژنامە دروستبن کەبەئەندازەیەك کۆنترۆڵی شەقام بکەن بتوانن ئاراستەی جەماوەر بگۆڕن ، بۆیە زەرورە یەکێتی لەپرۆسەی چاکسازیی خۆیدا بەشێوەیەك چاکسازی ئیعلامی بکات کەبتوانێ ئەگەر کاریگەری یەکێتی لەسەر جەماوەر زیاد نەکات لەکاریگەری یەکێتی کەم نەکاتەوە ..! چونکە بەدڵنیاییەوە

درێژەدانی بەم شێوەیەی ئێستای دواجار دەکەوێتە پەراوێزەوەو دەبێتە راگەیاندنێك کەهیچ رۆڵ و کاریگەریەکی نامێنێ .

یەکێکیتر لەو بابەتە گرنگانەی کەپەیوەندی راستەوخۆی بەژیانی یەکێتی و جەماوەرەکەیەوە هەیەو پێویستە یەکێتی لەبەرنامەی خۆنوێکردنەوەو چاکسازی خۆیدا پلانی هەبێ بۆچاککردنی (حکومەتی هەرێم و چۆنێتی مامەڵەکردنی یەکێتییە لەگەڵ حکومەتدا ) چونکە ئێستا سەرباری ئەوەی ئاستی ژیانی خەڵك بەرزبۆتەوەو موچەی فەرمانبەران زیادی کردووە لەوەزارەت و فەرمانگەکاندا زۆرترین خەڵك دامەزراون ژمارەیەکی زۆری خەڵك وەك رێزلێنان لەداهێنان و خزمەتی پێشمەرگایەتی و تەنانەت هاولاتیەکی زۆریش خانەنشین کراون ، سلفەی عەقار ئەدرێتە هاولاتیان بۆ دروستکردنی خانوو سلفەی زەواج دەدرێت بۆئەوانەی هاوسەرێتی دەبەستن .. بۆ لادێکان وەك پرۆژەی هاندان بۆ پرۆژەی باغ و دارستان حکومەت هاوکاری دەکات و پرۆژەی فراوانی هەمەلایەنە لەهەموو شاروو شارۆچکەکاندا بەدی دەکرێت ، بەلام خەڵك تاڕادەی دژایەتیکردنی حکومەت لەحکومەت ناڕازییە بەجەماوەرەکەی یەکێتی خۆیشییەو.. کەمەترسیە گەورەکە لێرەدایە چەند خزمەتگوزاری زیاتر پێشکەش دەکەیت زیاتر جەماوەرەکە ناڕازی دەبن ..! ئاساییە ئەگەر حکومەتێك خزمەتی جەماوەرەکەی نەکات خەڵك لێی بێزاربێت ، بەلام کارەساتە حکومەتێك خۆی بەخزمەتگوزاری جەماوەرەکەی بزانێ و رۆژانە کارو پرۆژەی زۆرتربکات لەبەرامبەردا رۆژانە خەڵکی زیاتر لێی بێزاربن ، کەبەبڕوای من بەرلەهەرشت پەیوەندی بەئادائی کارکردنی حکومەت خۆیەوە هەیە ، چ لەبەرئەوەی خەڵك هەست بەبێ پلانیەك دەکات لەکاری حکومەت و پرۆژەکانیداو چ بەهۆی ئەو بێمتمانەیەی لای خەڵك دروستبووە بەرامبەر حکومەتەکەیان و بلاوبونەوەی گەندەڵی بەجەستەی حکومەتەکەدا..

کەبەرلەوەی بچمە ناو ئەو وردەکاریانەوە کەبونەتە هۆی ناڕەزایی خەڵك لەحکومەت دەمەوێ قسەیەك لەسەر لایەنێکی هەردوو حکومەتەکەی کوردستان بکەم ، هەرچەندە لەبەشەکانی پێشەوەی ئەم بابەتەدا باسی دیاردەیەکی ترسناکم کردبوو لەناو یەکێتیدا کەلەهەموو رویەکەوە خۆی بە (پارتی) بەراورد دەکات و زۆرجار هەر ئەوەش پاساوی درێژەدان بووە بەو وەزعە خراپانەی ناو یەکێتی و هەمیشە ئەوە خراوەتەڕوو کەئێمە لەزۆر رووەوە لەپارتی باشترین و من بۆخۆم ئەوە بەعوقدەی سەرەتان دەزانم و پێویستە یەکێتی خۆی لەو عوقدەیە دورخاتەوەو خۆی بەپارتی نەپێوێ ، بەڵام وایدەبینم کەزەرورە ئیدارەی سلێمانی ئەو بەراوردکاریە لەنێوان خۆی و ئیدارەی هەولێردا بکات ، سەرباری ئەوەی مەودای ئازادی ژیانی خەڵك و دەزگاکانی چاپ وبلاوکردنەوە لەئیدارەی سلێمانی زۆرترن و چەند بڕیارو یاسایەکی خزمەتگوزاری باشتر هەن لەسنوری سلێمانیدا وەك لەئیدارەی هەولێرو بەردەوامیش ئەوەمانکردۆتە نمونە کەسلێمانی زۆر لەپێشی هەولێرەوەیەو فەزڵی ئەوەشمان بۆ حکومەت و سیستەمی سیاسی سلێمانی گەڕاندۆتەوە، بەڵام ئەگەر ئێستا بەراوردێکی ئەو کاروپرۆژانەی هەردوو ئیدارەکە بکەین حاڵەتەکە پێچەوانە دەبێتەوەو پرۆژەکانی هەولێر ستراتیژیترو بەبەرنامەترن وەك ئەوانەی سلێمانی ... ئەمە چاوی خەڵکیش دەیبینێ و هەستی پێدەکرێت و دوای سێ بۆ چوار ساڵی تر گۆڕان و بەراورد کارییەکە بەڕوونی دەردەکەوێت ..

نابێ حکومەتێك پلانی نەبێ کەئەیەوێ چیبکات ئەو داهات و ئیمکانییەتەی لەبەردەستێتی چۆنی سەرف دەکات و گرنگی بەکام لایەنی ژیان دەدات ، ئەمانە ناکرێ شاراوەبن یان بەمیزاج بەڕێوەببرێن ، بۆنمونە ئەگەر بەرنامەی کاری ئەم کابینەیەی ئێستای حکومەتی هەرێم ئیدارەی سلێمانی بێنینەوە بەرچاومان یەکەم راگەیەندراوی حکومەت ئەوەبووە کە گرنگی بەئاوەدانکردنەوەی گوندەکان ئەدات بەڵام گەر ئێستا بەچاوێکی واقیعیانە بڕوانینە گوندەکانمان ئەوەی پێشتریش ئاوەدانکراونەتەوە لەسەردەمی حوکمی ئەم کابینەیەی خۆی بەکابینەی ئاوەدانکردنەوەو بوژاندنەوەی لادێکان ناساند لەلادێوە گەڕانەوە شارەکان وکۆچی پێچەوانە دروستبوو .. هەڵمەتی سەرەتای دەستبەکاربونی حکومەت پاکسازی و دژی گەندەڵی بوو ، کەچی ئێستا گەندەڵی ئیدارەی بنکۆڵ کردووە ... پێویستە حکومەت بەرنامەی دراسەکراوو دارێژراوی ساڵانەی خۆی هەبێت و لەسەر بنەمای زەروریەت و پێداویستی شارو شارۆچکەکان و لادێکانی دارێژرابێ نەك گەر سەرۆکی حکومەت چووە هەرناوچەیەك ئەگەر خەڵك داوای شتێکیانکرد بۆیانبکات و گەر بێدەنگ بوون هیچ .. یان گەر جەماوەرو خەمخۆرانی قەزایەك یان ناوچەیەکی فەرامۆشکراو گەیشتنە سەرۆکی حکومەت یان وەزیرێك و واستەیان هەبوو ئەوە کۆمەڵێ پرۆژە بۆ ناوچەکەیان بکرێت .. یا ئەگەر وەزیرێك بەهەر هۆیەکەوەبوو خۆی بەقەرزاری گوندێ ناوچەیەکی دیاریکراو شارۆچکەیەك زانی ئاوڕی لێبداتەوەو گەرنا ئەوە فەرامۆشبکرێت .. پێویستە حکومەت پلانی هەبێ بۆ ساڵێك یا قۆناغی حوکمی کابینەیەك کەچەند خوێندنگەو نەخۆشخانەو باڵەخانەی نیشتەجێبونی پێویستەو لەکام ناوچە پەیمانگاو کۆلێژ لەکوێ دەکاتەوە .. پێویستە ئەمانە پلانی پیشوەختیان هەبێ و هەموی خەڵکی پسپۆڕ بڕیاریان لەسەردابێ نەك بەنامەی سەرۆك عەشیرەتێك یان بەرپرسێك بڕیار لەسەر کردنەوە یان دانەمەزراندنی پەیمانگایەك بدرێت... ئەگەر پلان لەحکومەتێکدا هەبێ بڕیارئەدات تەنها لەناوچەی سلێمانیدا ( 21000) بیست و یەك هەزار خانوو دروستبکات ، حکومەتێك کەخۆی بەحکومەتی ئاوەدانکردنەوەی لادێ بناسێنێت دێت

بڕیاربدات لەقەزاکانی وەک چەمچەماڵ و کەلار و کفری  زەوی نیشتەجێبون بداتە پاشماوەی ئەنفالەکان لەکاتێکدا گوندەکانیان تائێستا وێرانەیە ، یان پێویستبوو لەو ( 21000) بیست و یەک هەزار خانووەی بۆ سلێمانی دەیکات چەند هەزارێکی تەرخانبکردایاو بەتایبەت بۆ پاشماوەی ئەنفالەکان لەناوچەکانی خۆیاندا خانوی نیشتەجێبونیان بۆبکات و گوزەرانی ئاساییان بۆبگەڕێنێتەوە ، نەک کاتێ گللەی لەحکومەت دەکرێت لەبەر کەمتەرخەمی بەرانبەر پاشماوەی ئەنفالەکان بۆ خۆڕزگارکردن لەگللەییەکان بڕیارێکی نامەدروس ئەدرێت لەشارەکان زەوی بدرێتە پاشماوەی ئەنفالەکان .. کام پاشماوەی ئەنفال دەتوانێ ئەو زەویە بکاتەخانوو ، یان ئەگەر فرۆشتی کامیان ئەتوانن لادێکەیانی پێ ئاوەدان بکەنەوە .. پێویست بوو حکومەت بۆنمونە لە ناحیەی ئاغجەلەر خانوی بۆتەواوی پاشماوەی ئەنغالەکانی قەلاسێوکە دروستبکردایاو لەناحیەی سەنگاو بۆ پاشماوەی ئەنفالەکانی ناوچەکەو لەهەر ناوچەیەکدا پێویستبوو لەو بیست و یەک هەزارخانووەی بۆ سلێمانی دروستی دەکات بەشێکی بەو شێوەیە دابەشبکردایا کەبەوشێوەیە خەڵک دەچووەوە ناوچەکانی خۆیی و دەستی دەگەیشتە زەوی و زارە کشتوکاڵیەکەی و ئەیتوانی مەڕداری بکات و لەهەمانکاتدا ( ئەو تەزەخومەی سەر شارەکانیشی کەمدەکردەوە ) کەئێستا ئەو فراوانبونەوەیەی شارەکان و نەبونی خزمەتگوزاری پێویست وایکردووە ژیان لەشارەکانیشدا ئاڵۆزبێت و مامەڵەی خەڵک وحکومەت بگاتە ئەوەی خەڵک خۆپیشاندان بکات لەدژی حکومەت بۆ پێداویستیەکانی رۆژانەی و خەریکە دەبێتە دیاردەیەکی ترسناکی رۆژانەیش ..

کەدەبێ ئەوەمان لاڕونبێت خۆپیشاندان و نارەزایی خەڵک و مانگرتن و رژانە سەرجادە لەهەروڵاتێکدا بووبەدیاردە لەگەڵ ئەوەی دەلالەت لەدیموکراسی و ئازادی رادەربڕین دەکات بەدیوێکی تریشدا ئەوە دەردەخات کەئەو سیستەمی دەسەڵاتە دەسەڵاتێکی بەپلان نییە ..! بەتایبەتیش ئەگەر داواکارییەکانی خەڵک یان ئەو هۆکارانەی خەڵکیان رژاندۆتە سەرجادە پەیوەندیان بەپێداویستیە سەرەکییەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵکەوەبێت ، چونکە ئەوەی کەهەیکەلەیەک نیشانی جەماوەر ئەدات یان سیمایەک دەخاتە روو جیاواز لەدەسەڵاتی خێڵ و تایەفە ، ئەو پلان و بەرنامانەیە کەبۆخزمەتکردنی جەماوەر دادەنرێن و لەچوارچێوەیاندا پێداویستییەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵکی دابین دەکات ، بەتایبەت ئاو وکارەبا و پێداویستی تەندروستی و خوێندنگەو رێگاوبان و ئامرازەکانی گواستنەوە ..کەئەمانە لەهەرە ئەرکە سەرەکیەکانی حکومەتن و گەر بەواتای حوکمداری حکومەتی راستەقینەبن ئەوەدەبێ حکومەت خۆی تەواوی ئەو پێداویستیانە دابین بکات و کاتێ کارگەیشتە ئەوەی کەخەڵک بڕژێتە سەرجادە داوای ئاو و کارەباو خوێندنگەو رێگاوبانی کرد ئەوە ئەگەر وڵاتێکی دیموکراسی بێت دەبێ حکومەت خۆی هەڵبوەشێنێتەوە .. چونکە ئەگەر حکومەتێک ئەو پێداویسیانەی پێدابین نەکرا مانایەک نامێنێتەوە بۆ حکومەتیی .. چونکە ئەگەر حکومەتێک پلانی بۆ کارەکانی خۆی هەبێ بێگومان دەبێ بەبەرنامە کاربکات و بەرنامەی ستراتیژی و بەرنامەی دورمەوداو بەرنامەی نزیک و رۆژانەی خۆی رابگەیەنێ و پێویستە لەهەریەک لەو بەرنامانەیدا پێداویستییە خزمەتگوزارییەکانی لەبەرچاو گرتبێ ، بۆ نمونە کەحکومەتێک بەرنامەیەک دائەنێت کەلە(5) ساڵی تردا سلێمانی دوجار بەقەدەر ئێستای فراوانبکاتەوە بێگومان لەفراوانبونەوەی سلێمانیدا پێویستە رەچاوی هەموو پێداویستیەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵک کرابێ ، ئەگەرنا ئەوە سلێمانی فراواندەبێتەوە بەڵام ئاوی شاری سلێمانی بەشی دانیشتوانەکەی ناکات و کارەبا هەمانشت و پێداویسیەکانی تریش

بەو شێوەیە وەک ئەوەی ئێستا لەسلێمانی بەدیدەکرێت ، بۆیە کەشاری سلێمانی و ناوچەی سلێمانی دەکەم بەنموونە چونکە خەریکە دیاردەی خۆپیشاندان دەبێتە کارێکی رۆژانەو هەموشی پەیوەندی بەپێداویستیە سەرەکییەکانی رۆژانەی خەڵکەوە هەیەو دەبینم ئێمە تەنها ئەودیوەی دەبینین کەلەسلێمانی ئازادی هەیە نامانەوێ لەوە تێبگەین کەبێپلانی لەبەڕێوەبردنی کاروباری ئیداریماندا هەیەو ئادائی کارکردنمان خراپە .. پێویستە ئەم حکومەتە لەخۆی بپرسێ لەکاتێکدا ئاوی سیروان ئەوەندە نزیکە لەکەلارەوە خەڵکی بۆ دەستنوێژ هەڵگرتن دەچنە سەر سیروان کەچی حکومەت ناتوانێ ئاوی خواردنەوەیان بۆدابینبکات خۆپیشاندان دەکەن بۆ ئاو .. گەر بەرنامەو پلان هەبێ ولاتێک وایبەسەردێت لەتەواوی لادێ و شارو شارۆچکەکاندا کێشەی نەبونی ( خوێندنگە – قوتابخانەی هەبێ ) و دیاردەی سێ دەوام لەقوتابخانەیەکدا سەرهەڵبدات .. کەس ئەزانێ لەناحییەکی وەک گەرمک ( موجەمەع دەواير )هەیەو چەمچەماڵیش بەزیاتر لەسەد هەزار نفوسەوە بەدەستی نەبونی بینایەی ( موجەمەع دەوایرەوە ) دەناڵێنێ .. باشە ئەگەر خەڵک پێویستبکات لەماڵەکەی خۆی بیری ئاوخواردنەوە دروستبکات و هەموو ماڵێ پێویستی بەموەلیدەیەکی کارەبایی هەبێ و هەموو ماڵێ دەبێ بیرلەوەبکاتەوە سەیارە بۆخۆی دابینبکات بۆ هات و چۆکردن و گشتمان لەماڵەکەی خۆماندا پێویستمان بەتفەنگێکبێت بۆ پارێزگاری ماڵەکانمان .. ئیتر پلانی حوکم و حکومەتداری لەکوێدایە ... ئایا ئەم حیزبە بیری لەوەکردۆتەوە خوێندنەوەیەک بۆ کابینەکانی حکومەتەکەی خۆی بکات ، لەوەی پرسیوەتەوە خەڵک لەکاتێکدا لەباروودۆخێکی سەختی ژیاندابوو میزانییەی حکومەتەکەی ( 62) شەست ودوو ملیۆن دۆلار بوو گومرگ لەسەر هەموو کالایەکی بازاڕ بوو لەئێستا رازیتربوون لەحکومەت ، ئەوە دەزانین کەکاتێ میزانییەی حکومەت 130 ملیۆن دۆلار بوو بەحکومەتی ئاوەدانکردنەوەو بنیاتنان ناسراوە.. پێویستە ئێستا هەڵوەستەبکەین لەوەی وا میزانییەی ئەم حکومەتەی ئێمە دەگاتە دوو ملیار دۆلار و کەچی خەڵک لێمان نارازییە ، من ئۆباڵی سەرەکی نادەمە سەر حکومەت وسەرۆکی حکومەتدا ئەوەندەی هۆکارەکەی بۆئەوە دەزانم دەستوەردانی حیزب لەحکومەت خوڵقاندوویەتی ..! کەئەوەش خەلەلێکی گەورەی یەکێتی یەو لەماوەی ئەم پانزە ساڵەی حوکمڕانیکردنیدا نەیتوانیووە میکانزمێک بۆ تەعامولی یەکێتی لەگەڵ حکومەتەکەی خۆیدا بدۆزێتەوەو هەندێ جار چۆن روانیوێتییە مەکتەبێکی یەکێتی بەهەمان نەفەس مامەڵەی حکومەتیشی کردووە .. بەئارەزوی خۆی دەستی خستۆتە کاروباری رۆژانەی حکومەتەوە لەکاری ئیداری و بازرگانی و تەنانەت هەندێ جار هەر حیزب بڕیاری لەکارە ئیدارییەکان داوە لەهەموو ئاستەکانداو شۆڕی کردۆتەوە بۆناو قوتابخانەو باخچەی ساوایانیش .. ئەی ئەگەر کۆمیتەو مەڵبەندەکان بڕیاردەری حکومەتن باهەر کارەکان کۆمیتەکان بیکەن و ئیتر قایمقامیەت و پارێزگاو ئەو هەموو دامەزراوە حکومیانەمان بۆچی یە ، رەنگە ئێستا زۆرێک لەبرادەران ئەم قسانەیان پێ خراپبێت و بەڕەوای نەزانن بەتایبەت کەلەرۆژنامەیەکدا بلاودەکرێتەوە .. بەلام واپێویست دەکات یەکێتی خۆی لەپێناوی چاکسازییەکی هەمەلایەنەدا سڵ لەدەرخستنی هیچ راستیەک نەکاتەوەو هەموو هەڵەو کەموکوڕیەکان بخرێتە پێشچاو لەپێناوی چارەسەرکردنیاندا.. چونکە ناکرێ کەسەرۆکی حکومەت ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتییەو جێگرەکەی هەمانشت و وەزیرو بریکارو بەڕێوەبەرەگشتیەکان هەمویان کادری یەکێتین بەلام لەدەرەوەی حکومەتیش مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و سکرتێری گشتی بڕیاردەربن لەحکومەتدا ، پێویستە یەکێتی باشترین کادری ئیداری لەپۆستەکاندا دابنێت ئەوانەی بەر

یەکێتی دەکەون چونکە ئەوەش خەلەلی گەورەیە کەیەکێتی هەرخۆی حاکمیێت ..! کاتێ کادیری خۆی لەپۆستە ئیداریەکاندا دامەزراند ئەوە هەربەڕێوەبردنی حکومەتە لەلایەن یەکێتییەوە ئیتر بۆدەبێ لەدەرەوەی ئەم بەڕێوەبردنەش زۆرجار بڕیار لەدەرەوەی حکومەت بۆ حکومەت بدرێت ، یان بەئەندازەیەک بەعەقڵیەتێکی حیزبیانە تەعامول لەگەڵ حکومەت بکرێت مافی دامەزراندن بەدەرچوی زانکۆیەک نەدەین لەبەرئەوەی لەریزەکانی یەکێتیدا کارێک راناپەڕێنێ .. من خەڵک دەناسم دەرچوی کۆلێژی راگەیاندنەو دوای بێئومێدبوونی لەدامەزراندن داوایکرد بەپۆلیسێک دابمەزرێ لەبەرئەوەی حیزبی نەبوو قبوڵیان نەکرد ..

حاڵەتێکی تری ترسناک دەستوەردانی حیزبە لەکاروباری دارای حکومەتدا .. کەحیزب ژمارەیەک کۆمپانیا دروستدەکات و پرۆژەکان لەحکومەت دەگرێتەوە ، من نەمبیستووە لەدونیادا حاڵەتی واهەبێ کەحیزبی حاکم لەڕێگەی چەند کۆمپانیایەکەوە کەسەر بەدەزگای دارایی حیزبن قۆنتەراتەکانی حکومەت بگرێت و قۆرخی بازاڕو کاری کۆمپانیاکانی تری وڵات بکات .. یەکێتی ئێستا وایکردووە ، رەنگە حاڵەتێکی ئاسایی بێت یەکێتی بۆخۆی تیجارەت بکات بەڵام نابێ لەسەرحسابی خەڵک و حکومەت بێت ، بایەکێتی و هەرحیزبێکی تر دەیان کۆمپانیا بۆخۆیان دروستبکەن و وەک کۆمپانیا ئەهلیەکان بچنە مونافەسەوەو لەڕێگەی تەندەر و زیادکردنی ئاشکراوە دەیان پرۆژە بۆخۆیانبگرن کەهەرچەندە ئەوەش هەر ماف خواردنی خەڵکی ترە ..! بەڵام ئێستا نەک بەوشێوەیە بەڵکوو بەپشتیوانی توانای حیزبەوە زۆرکاروپرۆژە بێ ئەوەی تەندەریان بۆبکرێت و بێ راگەیاندن و زیادکردنی ئاشکرا دەدرێنە کۆمپانیاکانی حیزب ، کەمەترسی ئەوەش تەنها ئەو زوڵمە نییە کەلەکاسبکارو خاوەن کۆمپانیاکانی دەکەین ، بەڵکو مەترسی گەورەتر لەوەدایە کەکۆمپانیای حیزب بۆ وەرگرتنەوەی ئەوپارەیەی حکومەت هاتووە رەنگە گوێنەداتە چۆنێتی ئەنجامدانی پرۆژەکەو ئامانج لای ئەو دەستکەوتی مادییە نەک باشتر جێبەجێکردنی پرۆژەکان ، لەگەڵ ئەوەشدا سلبیاتێکی تری هەیە کەلەهەمووی مەترسیدارترە ئەویش ئەوەیە کەکۆمپانیا حیزبیەکان لەحکومەت بەدەسەڵاتدارترن و حکومەت ناتوانێ سزای کۆمپانیایەکی حیزبی بدات لەسەر خراپ جێبەجێکردنی کاروپرۆژەکانی ...! رەنگە نمونە زۆربێت لەسەر ئەوەی کۆمپانیایەکی حیزبی کاتێ پرۆژەیەکی تەواوکردووە ئەندازیاری سەرپەرشتیار یاخود شارەوانی سنورەکە لەبەر خراپ جێبەجێکردنی ئامادەنەبونە وەریبگرن بەڵام لەسەرەوە کۆمپانیاکە خۆی تەواوی کردووە بێ ئەوەی ئیستلام کرابێ ..! باشترین نمونەی قۆرخکردن و زیانەکانەی ئەو قۆرخکردنە ئەو قسانەی بەڕێز عیماد ئەحمەدن کەپێی لەوەنا زۆرترین پرۆژەی دروستکردنی قوتابخانەو خوێندنگەی سنوری ئیدارەی سلێمانی بەشێوەیەکی نایاسایی دراون بەکۆمپانیای نۆکان کەسەربەئیدارەی گشتییەو تائێستا جێبەجێی نەکردوون لەکاتێکدا یەکێک لەکێشە سەرەکییەکانی ئەم هەرێمەی یەکێتی حوکمی تیائەکات نەبونی قوتابخانەی پێویستە ...! من تێناگەم ئەگەر یەکێتی بازرگانی دەکات بۆناچێت بازرگانی لەدەرەوەی وڵاتدابکات بۆ لەدەرەوەی سنوری دەسەڵاتی خۆی نایکات بۆنەهات لەکەرکوک بیکات کەگەورەترین خزمەتی بەپرۆسەی ساسی کورد دەکرد ، بۆناچێ لەدوبەی لەوڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا کاربکات یاخود بۆناچێ شەریکاتی گەورەو ستراتیژی بێنێتە کوردستانەوە ، چیداوە لەوەی دەستبخاتە بازاڕی کوردستانەوەو نەهێڵێ کۆمپانیایەک زێراب دروستبکات و هەوڵبدات لەکەباب فرۆشتنیشدا شەریک بێتەوە ... ئۆباڵی دروستنەکردن و دواخستنی سەدان خوێندنگە بخاتە ئەستۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان .. ئەمە لەکاتێکدایە

کەیەکێتی پێویستی بەپارەی حکومەت نییەو ئەگەر یەکێتی هێزێکبێت ئیمکانیاتیشی نەبێ نابێ لەسەرحسابی خەڵك و حکومەت خۆی دەوڵەمەند بکات ، لەدونیاشدا نەبووە حیزبێک کەدێتە سەرحوکم لەپارەی حکومەت خەزێنەی حیزب پڕبکات . کەئێستا زۆرترین ژمارەی کادیرەکانی حیزبەکانیش موچەی حکومییان بۆ بڕاوەتەوە.. میزانییەی حیزبەکان لەسەر حکومەتن .. یەکێتیش وەك هێزێك خاوەن ئیمکانیاتێکی مادی زۆرە هیچ پێویستی بەوەنییە کۆمەڵێ کۆمپانیا دروستبکات و رێگربێ لەوەی کۆمپانیاکانی تری وڵاتەکە کاروپرۆژەکانی حکومەتەکە ئەنجام بدەن و کۆسپیش بێت لەبەردەم شەریکات و کۆمپانیای دەرەکی بۆ هەرێمەکەو هەوڵی شەراکەتبدات لەگەڵ ئەوانەی نانێکیان لەم وڵاتەدا دەستدەکەوێت..کەئەوەش بەشێکی هۆکاری دروستبونی گەندەڵییە لەحکومەتەکەداو پێویستە یەکێتی هەنگاوی جدی بنێت بۆبەرگرتن بەو گەشەکردنی گەندەڵییە کەخەریکە ئیدارەکە بنکۆڵ دەکات و بەقەدەر هەموو هۆکارەکانی تری گەندەڵی خراپ مامەڵەکردنی یەکێتی خۆی لەگەڵ حکومەتدا بواری زۆرتری بۆ گەندەڵی خوڵقاندووە ...! پێویستە چارەسەری ریشەیی بکات .!

حاڵەتێکی تریش هەیە کەیەکێك لەسەروەرییەکانی تری یەکێتیی کەلەمێژویی خەباتیدا تۆماری کردووە مساوەمەنەکردن بووە لەسەرکەرکوك و تێکۆشانبووە لەپێناوی پارێزگاریکردن لەمانەوە لەکەرکوکداو بەرگریکردن بووە لەبەشێکی فراوانی خاکی کوردستان ، ئەم قۆناغەی خەباتی یەکێتی لەگەڵ ئەوەی بۆ یەکێتی مێژویەکی پڕ لەشانازییە بەڵام ئەم شانازییەی یەکێتی بۆکوردیش گەورەترین خزمەت بووە بەمێژوی رابردووی و بزوتنەوە سیاسیەکەی .. چی لەقۆناغی خەباتی شاخی یەکێتیداو لەڕیزەکانی رێکخستنیشدا لەناو کەرکوك یەکێتی رۆڵی زۆری هەبووە لەسەر خەڵکی کەرکوك بۆچۆنێتی پارێزگاریکردن لەناسنامەی نەتەوەیی کورد لەکەرکوك لەبەرانبەر هەڵمەتەکانی بەزۆر بەعەرەبکردن و گۆڕینی نەتەوایەتی کورد بۆ سەر عەرەب .. یەکێتی وەك هێزێکی سیاسی کەکاریگەری لەسەرکەرکوك هەبووەو لەناوچەکانی کەرکوکدا تێکۆشاوەو قوربانی بۆکەرکوك داوە رۆڵی گەورەی لەرزگارکردنی کەرکوکدا هەبووە لەڕاپەڕینی ساڵی 1991 کەهەڵوەشاندنەوەی ریسی تەعریب بوو لەکەرکوك ، ئەمە بووبووە هۆی ئەوەی کەیەکێتی لەناو خەڵکی کەرکوکیشدا پایەیەکی کاریگەری هەبێ و بتوانێ ئاراستەی خەڵکەکەی بکات و بەشداریان پێبکات لەو شێوازی خەباتەی لەئەمڕۆی کەرکوکدا پێویستە و کەرکوك لەهەرێمی کوردستان نزیکدەکاتەوە ، بەتایبەتیش لەدوای پرۆسەی ئازادی عیراق و رزگارکردنی کەرکوك و گەڕانەوەی هێزەسیاسیەکان بۆ ناو کەرکوك ، دانیشتوانی کەرکوك بەزۆری لەدەوری یەکێتی کۆبونەوەو یەکێتی ئەیتوانی بەم هێزەجەماوەرییەی کەرکوك زۆرشت لەناو کەرکوك بکاتە ئەمری واقیع و ئەو ئاوات و ئامانجانە بەدەستبهێنێ کەلەڕابردوودا کورد بۆی تێکۆشاوەو خوێنی بۆبەخشیووە ، ئەم پایەیەی یەکێتی لەناو جەماوەری کەرکوکدا وەك هێزێک کەزۆرلای مەبەستە جەماوەر لەدەوری کۆبێتەوەو بەبەشداری جەماوەر بەرنامە سیاسیەکانی بچەسپێنێ ، لەگەڵ ئەوەی لەڕوی جەماوەرییەوە بۆ یەکێتی قازانجە بەڵام لەڕویی سیاسییەوە یەکێتی خستۆتە بەردەم گەورەترین بەرپرسیارێتییەوە کەیەکێتی دەیەوێ چی لەکەرکوك بکات ..!؟ یان کەرکوك بەرەو کوێ دەبات .!؟ کەئەمە پرسیارێکە ئەگەر یەکێتیش لەخۆی نەکات مێژوو ئەو پرسیارە رووبەڕوی دەکاتەوە ، بۆیە پێویستە یەکێتیش لەو قورساییەوە بڕوانێتە کەرکوك و بەدەر لەوەی وەك خەمێکی نەتەوەیی و بۆداهاتوی کورد وەك زەروریەتی پایەی دەوڵەتی کوردی

و بۆ بەهەدەرنەچونی خوێنی ئەودەیان هەزارشەهیدەی کورد کەلەپێناوی کەرکوك و لەکەرکوك شەهیدبوون ، پێویستە یەکێتی بەردەوام ئەو ترسەشی لەبەرچاوبێت کەبەرپرسیارێتی کەرکوکیشی لەئەستۆدایەو بەر لەهەرکەس و لایەنێکی تر یەکێتی مەسئولە لەکەرکوك و گەر سەرئەنجام کەرکوك گەڕایەوە سەر ئیدارەی هەرێمی کوردستان پێش هەرکەسێکیتر فەزڵی سەرکەوتنەکەی بۆ یەکێتییەو گەر پرۆژەی کورد شکستی خوارد بەهەمان شێوە یەکێتی لێی بەرپرسە، من لەکاتێکدا وەك کادرێکی یەکێتی کەیەکێتی دەخەمە بەردەم ئەو بەرپرسیارێتییە مێژووییەوە چاوم دوژمنە زۆرو زەوەندەکانی کەرکوك دەبینێ و ئاسەواری سیاسەتی تەعریب و کاریگەری لەئێستاو داهاتودا لەپێشچاومەو رۆڵی ولاتانی ئیقلیم و نەیارانی کوردیش ئەزانم ، بەڵام ئەزانم کەلەناو کەرکوك هێزێك هەیە زۆر لەدوژمنەکانی کەرکوك بەهێزترەو ئەو هێزەش یەکێتی دەیتوانی بەچی ئاراستەیەکیدا ببات و چۆنی بسەپێنێ و چەند لەقازانجی پرۆژەی کوردی بەکاریببات و بیکات بەئەمری واقیع کەئەوهێزەیش (ئەمری واقیعە) ، ئایا یەکێتی چەند کاری لەسەرکردووەو چەند بیری لەوەکردۆتەوە کاری لەسەربکات ..!؟ پێش ئەوەی بچمە سەر ئەو وردەکاریانەی کەپێویستبووە کاری لەسەربکات و زەرورە بۆداهاتوو هەڵوەستەیان لەسەربکاو لەبەرچاویان بگرێت ، دەمەوێ ئەوە بڵێم کەتێکچونی شیرازەیی رێکخراوەیی ئەم هێزە شۆڕشگێڕە جەماوەرییەو کاردانەوەی ململانێکانی ناو یەکێتی و کاریگەری لەسەر رەوشی کەرکوك ، گەورەترین زیانی بەچارەنوسی کەرکوك گەیاندووەو گەورەو بچوکی یەکێتیش لەئەندامێکی ئاسایی ناو ریزەکانی یەکێتییەوە تا مام جەلال هەمومان لێی بەرپرسین و بەپێی مەسئولیات و مەوقیعەکانیش جۆری بەرپرسیارێتییەکەمان دەگۆڕێت ، کەبەبڕوای من ئێمەی کەرکوکی خۆمان لەهەموو یەکێتییەکانی دەرەوەی کەرکوك زیاتر بەرپرسین لێی ..! چونکە ئێمە لەناو کەرکوکداین و نوێنەرایەتی سیاسەتی یەکێتی دەکەین .. یەکێتی ئەوە دەزانێ کەهیچ رێگایەکی تر نەماوەتەوە بۆخەبات لەپێناوی کەرکوکدا جگەلەوەی کەلەدەستوردا بۆچارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك دیاریکراوەو لەراپرسی دەستوریشدا بۆ چەسپاندنی وەك دەستوری هەمیشەیی زۆرینە دەنگمان بۆداوە ، ئەوەی لەدەستورەکەشدا هاتووە پاش ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوك چارەنوسی کەرکوك لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغداو ئیدارەیەکی سەربەخۆدا ئەداتەوە دەستی دانیشتوانەکەی کەرکوك بەهەموو پێکهاتەکەیەوە .. سەرکردایەتی یەکێتی و بەتایبەت مام جەلال ئەوەی بەچاکی زانییێت بۆ بەهێزکردنی پایەی کورد لەوپرۆسەیەدا کردویەتی ، بەتایبەتی لەو رووەوە کەشەڕەکانی ئێستای کەرکوك شەڕی ژمارەی دانیشتوان و ئامارو راپرسییە هەر زوو بڕیاریدا هەمو ئەوکەرکوکیانەی کە پێشتر ئاوارەی شارەکانی تری کوردستان بووبون و لەوێ شوێنی نیشتەجێبونیان بۆ دابینکرابوو ئەو خانوانەی کەموڵکی حکومەت بوون ئاوارەکان بۆخۆیان بیفرۆشن و بگەڕێنەوە بۆکەرکوك ، بڕیاریدا هەرچی فەرماندەو کادرو پێشمەرگەیەکی کەرکوکی هەیە دەبێ بگەڕێتەوە کەرکوك و بڕیاری ناردنەوەی فەرمانبەرانی کەرکوکیی سەربەئیدارەی سلێمانیداو زۆریانی ناچاری گەڕانەوەکرد ، بڕێك ملیۆن دۆلاری تەرخانکرد بۆهاندانی گەڕانەوەی ئاوارەو ئەوانەی لەکەرکوك خانوو دەکڕن ، پارەیەکی زۆری تەرخانکرد بۆکڕینی خانوو لەکەرکوك .. زۆر رێگەی تریشی گرتەبەر لەپێناوی زەمانەتکردنی گەڕانەوەی کەرکوك بۆسەر ئیدارەی هەرێمی کوردستان ، بۆیە هەرکەسێك گەر بیەوێ مێژووی کەرکوك لەم قۆناغەدا بنوسێتەوە نابێ ئەم حەقیقەتانە فەرامۆشبکات و یەکێتی وەك چۆن لەڕابردویدا لەشاخ و

رێکخستنی نهێنی و رزگارکردنی کەرکوکدا رۆڵی گەورەی هەبووە ، لەئێستایشدا یەکێتی بەبەراورد بەهێزە سیاسیەکانی تری کوردستان زۆریکردووە گەرچی زیاتریشی پێدەکراو پێویستیش بوو زۆرتربکات و کەمتەرخەمیشی زۆربووە ، هێشتا هەر لەگەڵ حیزبەکانی تردا بەراورد ناکرێت ..! بەڵام لەمەسەلەیەکی زۆر جەوهەریدا یەکێتی هەڵەی زۆربووەو بەخراپ بۆئێستاو داهاتووی کەرکوک دەکەوێتەوە ئەوەیە کەیەکێتی خراپ ئیدارەی ئەو شتانەی خۆییداوە لەکەرکوک و سلبیاتەکانی بەئەندازەیەکە کەهەموو کارەباشەکانیشی رەنگدانەوەی خراپی هەبێ..! بەتایبەتی لەو رووەوە کەیەکێتی درک بەوە دەکات بۆ سەرکەوتنی لەو پرۆسە سیاسیەدا پێویستی بەپشتیوانی دانیشتوانەکەی تری کەرکوک هەیە چونکە ناکرێ سێ نەتەوە لەپێکهاتەکەی کەرکوک دژی پرۆژەیەکبن و ئێمە خەونی سەرکەوتنی پێوەببینین ئەگەر مەبەستمانە سەرکەوین ..! پێویستبوو یەکێتی هەموو قورسایی خۆی بخستایەتە سەرئەوەی پەیوەندی هاوشاریی نێوان نەتەوەکانی کەرکوک بەئەندازەیەک قوڵکاتەوە کەسڵ لەدەسەڵاتی کوردی نەکەنەوە ، گەورەترین هەنگاوێک پێویستبوو یەکێتی بینێت دروستکردنی پردی متمانەو یەکتر قبوڵکردنبوو لەکەرکوکدا دەبوو بەرلەهەرشت کاری لەسەربکرایا ، چونکە ئێستا رۆژلەدوای رۆژ پەیوەندییەکانی نێوان دانیشتوانەکەی کەرکوک گرژتردەبن ، سەرەتای گەڕانەوەمان بۆکەرکوک تورکمان و عەرەبمان پێکەوە کردە نەیارو کلدوئاشوریەکان دۆستمان بوون ، بەڵام ئێستا لەگەڵ ئەوەی نەمانتوانییوە ئەو پەیوەندیانەی تورکمان و عەرەب چاکبکەین کلدوئاشوریەکانیش ئەوپەیوەندییەی پێشتریان لەگەڵمان نەماوە ..! دەبێ ئەو پرسیارە لەخۆمانبکەین لەکاتێکدا بەعس شانبەشانی کورد زوڵمی لەتورکمانیشکردووە ماڵ و سەروەت و سامانی داگیرکردوون گوندو گەڕەکی تورکمانیشی روخاندووە ، ئێستا عەرەب توانیوێتی پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ تورکمان باشبکات و لەبەرەیەکدابن کەچی کورد ناتوانێ پەیوەندیەکی تەندروست لەنێوان خۆیی و تورکماندا دروستبکات ، کەمێژوویەکی دورودرێژی پێکەوەژیان لەنێوانی هەردولادا هەیەو زۆر هەڵوێستی جوانی نمونەیی پێکەوەژیان تۆمارکراوەو زۆرخێزان هەن کەنازانن باپیرانیان کوردن یا تورکمان ئەوەندە تێکەڵ بوون ، بەدرێژایی ئەو ماوە زۆرەی پێکەوە ژیانیان تەنها یەک کارەسات رویداوە کەئەویش رونە سەرچاوەکەی لەکوێوەبووەو لەوەو بەدوایش بەعس زۆرترین رێگای گرتۆتەبەر بۆتێکدانی پەیوەندی نێوان کوردو تورکمان ، لەساڵی1985 عەلی حەسەن مەجید لەکەرکوک پەیکەری بۆ دووان لەقوربانیانی شەڕی کوردو تورکمانکرد کە26ساڵ لەوەپێش کوژرابوون بەوە دەیانویست پەیوەندی نێوان کوردو تورکمان تێکبدەن ، بەڵام بەدرێژایی حوکمی بەعس و سەرباری هەوڵی بەردەوامی بۆدروستکردنی ناکۆکی نێوانیان بەڵام بەعس نەیتوانی درزبخاتە نێوان کوردو تورکمانەوە ، کەچی لەم دوو ساڵ و چەند مانگەی دوای روخانی بەعسدا دوجار گرژییەکان گەیشتۆتە شەڕوکوشتن و تادێت حەساسیەتەکان زۆرتر شۆڕدەبنەوە ..! پێویستە ئەم پرسیارە روبەڕوی خۆمانبکەینەوە .. بپرسین هۆکارەکەی چییە.!؟ یا تەنها نەیگەڕێنینەوە بۆخراپکارکردنی جەبهەی تورکمانی ، بابپرسین میکانیزمی ئێمە چی یە بۆپێکەوەژیان لەگەڵ تورکمان .. ئایا ئیستیعابی ئەوەدەکەین خەڵکی تر لەگەڵمانبژێت ، ئەوانەی سیاسەتی کورد هەڵدەسورێنین توانیومانە باوەڕ لای تورکمان دروستبکەین کە لەسایەی ئێمەدا دەبنە خاوەنی مافەسەرەتاییەکانی ژیانیان ..!؟ توانیومانە متمانەی ئەوە دروستبکەین کەئامادەین بیانخوێنینەوە ..!؟ چونکە ئەوان زۆر لەئێمە بەگلەین کەدەمانەوێ لەرێگەی کرێگرتەو دروستکردنی حیزبی بەکرێگیراوەوە

مامەڵە لەگەڵ تورکمان بکەین ، بەئاشکرا ئەوە ئەدەنە رووماندا کەئەوەی بەعس کردی بەرانبەر هێزە کوردییە رەسەنەکان حیزبی کارتۆنی دروستکردبوو ..! پێمان دەڵێن کورد هەمان ئەزمون دوبارە دەکاتەوە..! ئایا ئەوە دەهێنینە پێشچاوی خۆمان کەئێستا لەعیراقدا شەریکمان نەکەنەوە چی مەغزایەکمان پێدەبەخشێ .!؟ ئەی لەخۆمان پرسیوەتەوە بۆچی تورکمانی کەرکوک شەریک ناکەینەوە..!؟ هەمومان بینیمان لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی رابردوی عیراقدا لیستی ئیئتیلاف زۆرینەی دەنگەکانی عیراقی بەدەست هێنا بەڵام لەبەرئەوەی نیەتی سیاسی ئیئتیلاف ئەوەبوو کەهەموو عیراقیەکان پێکەوە بەشداری لەدەسەڵات بکەن پێی لەسەرئەوە دانەگرت بڵێ دەبێ هەموو پۆستە سیادیەکانی عیراق بۆمن ، یەک پۆستێک کەبەلایەوە گرنگتربوو بۆخۆی هەڵیگرت و سەرۆک کۆماری دابەکوردو پەرلەمانیش بۆ سونە .. ئێمە خۆشمان بەهەموو هێزەسیاسیەکانی کورد نەمانتوانی چارەکی دەنگەکانی عیراق بەدەستبهێنین بەڵام سەرۆک کۆماریان دابەکوردو جێگری سەرۆک وەزیران و جێگری سەرۆکی پەرلەمان و چەند وەزارەتێکمان وەرگرت ..! کەچی لەکەرکوک لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگادا 26 کورسیمان لە41 کورسی بەدەستهێنا ، بەلامانەوە 3 پۆست لەکەرکوک گرنگن ( پارێزگارو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاو قایمقامی ناوەند) پێداگری دونیامانکردو لەهیچ کام لەوپۆستانە نەهاتینە خوارەوەو ئەمانوت هەرسێکی بۆکورد ..! دوای ئەوەی ماوەی پێنج مانگ خۆمان پێکهێنانی ئەنجومەنیشمان دواخست کاتێ عەرەب و تورکمان بەیانیان دەرکردو داوای سەرلەنوێ هەڵبژاردنەوەیان لێمانکردو کوردیش زۆربوو کەناڕازیبوو لەوەی حکومەتی کەرکوک بۆ پێکناهێنن و ترسی ئەوەهەبوو کەکوردیش دەنگ بخاتە پاڵ دەنگی ئەوان و داوای سەرلەنوێ هەڵبژاردنەوەمان لێبکەن دوای ئەوەی لەژێر

ئەوفشارەدا ئەنجومەنمان پێک هێنا یەکەم کاری ئەنجومەنەکەی ئێمە ئەوەبوو کەتەنها یەک بەڕێوەبەرایەتییەکی گرنگ لەدەستی تورکماندابوو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەیە وتمان لایدەبەین ، ئەوەبوو زۆرترین ژمارەی تورکمان چون مانیان گرت و نارەزاییان لەدژی ئەنجومەن دەربڕی ..! من ئەوسیاسەتەم بەلاوە سەیرە نەتەوەیەک لەشارێکدا مێژوی هەیە بونی هەیە کەچی بتەوێ نەیخوێنیتەوە .. باوایدابنێین کەرکوک تەنها کوردی تیائەژی کەسی تری تیانییە .. لەهەڵبژاردنێکدا لیستێک ( 73 ) هەزار دەنگ بێنێت کەچی بەشداری پێنەکەیت .. کەواتا تۆ 73هەزار دەنگدەر دەکەیتە دژی دەسەڵاتەکەت کەئەگەر هەریەکی یەک کەسێکی تری خوارتەمەن 18ساڵ لەماڵەکانیاندابێت ئەوە دەبێتە نزیکەی 150هەزارکەس ، ئەمە ئەگەر کەرکوک تەنها کوردیشبێت ئەوە مومکین نییە ئەی چ جای ئەوە کەئەودەنگانە نەتەوەیەکی تربن ..! کەئێمە قازانجمانە هەموو دانیشتوانەکەی کەرکوک بێن و موشارەکەی حکومەتەکەی کەرکوک بکەن و ئیعترافی پێبکەن کەئەوە گەورەترین سەرکەوتنە..! بەڵام کەدەبینی دوای ئەوەی عەرەب و تورکمانەکان لەئێمەی کورد زیاتر پەرۆشی پێکهێنانی ئەنجومەنی کەرکوک بوون کەکورد تیایدا زۆرینەیە ، لەبەرئەوەی کورد لەوسێ پۆستە ناهاتەخوارەوە لەسەرئەوە رێککەوتنکرا کەجێگری پارێزگار بدرێت بەتورکمان ، کەچی وا وادەی ئەنجومەن کۆتای هات و لەئایندەیەکی نزیکدا دەبێ هەڵبژاردنەوەی ئەنجومەنی پارێزگا بکرێت تائێستا جێگرە تورکمانەکەمان دانەناوە .. پرسیار لێرەدایە تۆ جێگری پارێزگار یاخود بەڕێوەبەری پەروەردە بەتورکماندا رەوانابینی ئەی ئیتر ئەو بۆ متمانەی پێت هەبێ وەرە کەرکوکم بدەرێ ئەیخەینەوە ژێردەسەڵاتی کورد ئەوکاتە جێگری سەرۆک وەزیران و چەندین وەزیرت بەردەکەوێ ..! تورکمانێک چۆن

باوەڕبکات بەوقسانەی تەنها لەئیعلامەوە ئەکرێن و لەسەرئەرزی واقیع و لەناوکەرکوک دوای ئەوەی لەهەڵبژاردندا تورکمانەکان 73هەزار دەنگبەدەستدێنن پۆستێکیان نادرێتێ ..! کەبەبڕوای من ئەمە گەورەترین مەترسیە بۆسەرکورد نەتوانێ لەگەڵ کەسانێکدابژی کەتەئریخێکیان پێکەوە هەیە ، بەتایبەتیش مەسەلەی جەوهەری کەرکوک یەکتری قبوڵکردن و رازیکردنی یەکترییەو کێشەی کورد ئێستا لەکەرکوک کێشەی ژمارە نییە بەقەدەر ئەوەی کێشەکەی یەکترقبوڵکردنە ، ژمارەی کورد بەپێی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان لەهەڵبژاردنی ساڵی پاری ئەنجومەنی پارێزگاکاندا لەسەدا 63بووەو لەهەڵبژاردنەکەی ئەمجارەی پەرلەمانیشدا لەسەدا 54 ی بەدەستهێناوە ، کێشەی سەرەکی کورد لەکەرکوک ئەوەیە ئایا دانیشتوانەکەی تری کەرکوک پرۆژەی کوردیان بۆچارەسەرکردنی کەرکوک پێ قبوڵە ..!؟ کەئەو راستیەش ئەزانین چەند ئامارو سەرژمێری گرنگە رەزامەندی خەڵکەکە گرنگتر ..! ناکرێ کورد لەبەرئەوەی ئێستا پەنجاوچواری دانیشتوانەکەی کەرکوک پێکدێنێت چل وشەشەکەی تری لەدژیبن، ئەوەگرنگە چل وشەشەکە رێز لەوئیرادەیەبگرن کەزۆرینە بڕیاری لەسەر ئەدات ، بەڵام تائێستا ئاماژەکان رونن کەئەوان لەدژی ئیرادەی کوردی دەوەستنەوەو هۆکارەکەشی بەشی زۆری خراپکارکردنی کوردە لەناوکەرکوک و بەسیاسەتی ئیستیفزازی کارکردنە..! رەنگە ئێستا زۆربەی خوێنەران کەئەم باسە دەخوێننەوە بپرسن ئەم مەسەلەیەی کەرکوک چی پەیوەندی بەچاکسازی ناو یەکێتی و زەروریەتی خۆنوێکردنەوەی یەکێتییەوە هەیە ..!؟ پرسیارەکەش لەجێی خۆیدایە ئەگەر پیرۆزییەک لای یەکێتی نەمابێ ناوی مەسەلەی کەرکوک وئاینەدەی کوردبێت ، بەڵام ئایا یەکێتی دەستبەرداری تێکۆشاندەبێ لەخەباتی رەوای میللەتەکەیدا یاخود هەر دەیەوێ سەرقافڵەی کاروانی تێکۆشانبێت وەک لەڕابردویدا پێشەنگ بووە ..! کەمن پێم وایە نهێنی مانەوەی یەکێتی لەوەدایە لەکاروانی تێکۆشاندا بەردەوامەو چاوەڕوانی ئەوەشی لێدەکرێت بەگوڕترەوە ئەم قۆناغەی ئێستاش تێپەڕێنێ ، بۆیە لەهێزێکی وادا کەمەسەلەی کەرکوک هەوێنی شۆڕشەکەی و تێکۆشانەکەی بوبێت زۆرترین قوربانی بۆدابێ ، بەدڵنیاییەوە نوێکردنەوەی ئەم هێزە کاریگەری لەسەر مەسەلە جەوهەرییەکە (کەرکوک) دەبێت و کەرکوکیش کاریگەری خۆی دەبێت لەسەر هێزەکە ، کەبەبڕوای من ئەگەر قۆناغەکە بەوشێوەیە بهێنینە پێش چاو کەچەند هەل و مەرجی سیاسی لەباربووە بۆکوردو چەند پشتیوانی هەبووە بۆچارەکردنی ئەم برینە قوڵەی جەستەی کەبەبڕوای زۆرکەس چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرکوک و گەڕانەوەی بۆسەر هەرێمی کوردستان کورد بەرەو خاوەن کیانێکی تۆکمەدەبات ، گەر لەوێوە بڕوانینە یەکێتی و رۆڵ و کاریگەری لەکەرکوک و توانای و کەمتەرخەمییەکانی و گرنگی قۆناغەکە لەبەرچاوبگرین ئەوە بەدڵنیاییەوە دەڵێم کاریگەری و کاردانەوەی ململانێکانی ناو یەکێتی بەقەدەر زیانەکانی دوژمنێکی گەورەی کورد و کەرکوک کاردانەوەی خراپی هەبووە لەسەرچارەنوسی کەرکوک... چونکە نەدەبوو یەکێتی رێگەبدات مەسەلەی کەرکوک تێکەڵ بەکێشە ناوخۆییەکانی یەکێتی بێت و ململانێکانی ناو یەکێتی و تەکەتولاتەکانی بۆناو کەرکوک شۆڕببنەوە ، بەهۆی تەکەتولاتی ناو یەکێتییەوە دەیان عەقڵی کراوەی یەکێتی لەکەرکوک بەرکەنارخراون و موشارک نەبونە لەبڕیاری سیاسی کەرکوکدا کەئەگەر بەشداربوایان یەکێتی قازانجی زۆرتری دەکردو لەڕێگەی یەکێتییەوە کەرکوک سودی لێیان دەبینی و چەندین کادری تێکۆشەری کەرکوک رێگەی کارکردنیان نەدراوەتێ لەکەرکوک کاربکەن ، هەر بەبۆنەی تەکەتولاتی ناویەکێتییەوە خەڵکانێک

رەنگە لەهەندێ پۆست دانرابن کەنەک ناتوانن نوێنەرایەتی سیاسەتی یەکێتی بکەن ، نەک نەیانتوانیووە بەدرککردن بەزەروریەتی قۆناغەکەو چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ پێکهاتەکەی کەرکوکدا تەعامول بکەن بەڵکوو بەعەقڵیەتێکەوە کاردەکەن وەک ئەوەی لەگۆپتەپەبین و هەموو دەوروبەرەکەمان هەریەکێتیبێت و کەسیتر نابینین ، لەجیاتی ئەوەی بەنەفەسێک کاربکەین کەنموونەیەکی جوانی کوردی نیشانبدەین تا نەتەوەکانی تر ئامادەبن چارەنوسی خۆیانمان پێبسپێرن وەک داوای دەکەین ، کەچی بەعەقڵیەتێکەوە کاردەکەین کەئێمە ئاغاو نەتەوەکانی تر رەعیەتبن ..! کەئەم عەقڵیەتی کارکردنەی ئێمە لەکەرکوک چارەنوسی کەرکوک بەئاراستەیەک دەبات کەلەگەڵ خواستە نەتەوایەتیەکانماندا ناکۆکە .! هەر بەهۆی ناکۆکی و تەکەتولات و ململانێی ناو یەکێتییەوە رەنگە زۆرجار لەدەرەوەی کەرکوکیشەوە هاوکاری کەرکوک نەکرابێت بۆشکستی یەکێتیەکانی کەرکوک ، یاخود کێشەو گیروگرفتیان بۆ دروستکردبن .. کەهەموی ئەنجامەکەی هەر بەزەرەری کورد تەواودەبن ، ئەوەندەی تێبینیش دەکرێت سەرکردایەتی یەکێتی و بەتایبەتیش مام جەلال زۆر نارازین لەئادائی کارکردنمان لەکەرکوک بەلاّم بەهۆی تەکەتولاتی ناو یەکێتییەوە ئەم نارازیبونە هیچ رەنگدانەوەیەکی لەسەر هەڵوێستی سیاسی یەکێتی لەکەرکوک نابێ و هەنگاوێک کەرکوک لەکوردستان نزیک ناکاتەوە ..! تا یەکێتیش سیاسەتی خۆی نەگۆڕێ لەکەرکوک کورد بەخاوەنی کەرکوک نابێتەوە ، کەدەڵێم خاوەن مەبەستم لەگەڕانەوەیەتی بۆسەر هەرێمی کوردستان ..! ئەگینا ئێستا کورد لەکەرکوک بەهۆی دڵسۆزی خەڵکەکەیەوە بای ئەوە دەبێت کەبەبێ کورد هیچ بڕیارێک نەدرێت ، بەلاّم ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئایا کورد زەمانەتی ئەوەی پێدەکرێت پێکهاتەکەی کەرکوک لەئەنجامدا دەنگ بەخواستی کوردبدەن ..! بەبڕوای من بەڵێ گەر باش کاربکرایا بەدڵنیاییەوەو گەر ئەم ماوەیەی لەپێشیشماندا ماوە تاوادەی یەکلایی کردنەوەی کێشەی کەرکوک گەر بەباشی کاربکەین ئومێدی سەرکەوتنمان نزیکە ، بەلاّم ئێستا مەترسی ئەوەدەکرێت کە بەبەرنامە کار بۆ ئەوەبکرێت کەرکوک نەگەڕێتەوە سەرهەرێمی کوردستان ..! ئێستا خەریکە گومان لەوە دروستدەبێت کەبەو ئاراستەیە کاربکرێت ..! کەدورنییە بیرکردنەوەیەکی لەوجۆرەهەبێ و خەڵک هەبێ بەرژەوەندی شەخسی و تموحاتی سیاسی شەخسی وای لێبکات بەوشێوەیە بیربکاتەوەو ئەوە بێنێتە پێشچاوی کەئەگەر کەرکوک نەگەڕێتەوە سەرهەرێمی کوردستان ئەوە بەدڵنیاییەوە سەربەئیدارەی بەغداش

نابێ چونکە ئێمە وەک کورد ئێستا زیاتر لەنیوەی دەنگەکانین و هەمومان لەدژی ئەوەین کەرکوک سەربەمەرکەزبێت ، کەواتا زەمانی ئەوەمانکردووە کەرکوک لەبەغدا ببێتەوە ، بەلاّم نەمانتوانیوە زەمانی ئەوەبکەین بخرێتە سەر ئیدارەی هەرێمی کوردستان .. لەو نێوانەدا کەرکوک وەک هەرێمێکی سەربەخۆ دەمێنێتەوە کەزۆر دەوڵەمەندتر دەبێ لەهەرێمی کوردستان و شەریکات و کۆمپانیای زیاتر دێنە کەرکوک و ئەهمیەتی لەهەرێمەکانی تر زیاتردەبێ ..! رەنگە ئێستا خەیاڵی وابکرێت کەئەگەر هەرێمێکی سەربەخۆبێت خۆمان سەرۆکی هەرێم و خۆمان سەرۆکی حکومەتەکەی و پەرلەمانی و چی و چی دەبین ، کەئێستا ئەمریکی و بەریتانییەکانیش دەیانەوێ کەرکوک بەو ئاراستەیە بەرن . تورکیاش ئێستا بەو چارەسەرە رازییەو چەند مانگێک لەمەوبەر ئێمە لەتورکیا بوین (جەنگیز چاندارک) نزیک و ئاگادار لەبڕیاری تورکیا پێی وتین حکومەتی تورکیا بەو شێوەیە رازییە کەکەرکوک هەرێمێکی سەربەخۆبێت و کوردیش ئیدارەی بدات بەلاّم

بەمەرجی ئەوەی نەخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان ، رەنگەخەڵکیش کەوتبێتە ژێرکاریگەری سیاسەت ئەمریکی و بەریتانی و تورکەکانەوە ، ئەگینا کەی رەوایە کاتێ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دەکرێت و کورد زۆرینەی کورسیەکان بەدەستدێنێت کەبەدڵنیاییەوە ئەو ئەنجومەنە چۆن کاربکات دەبێ لەقازانجی پرۆژەی کوردی بێت بەڵام خۆمان پێنج مانگ ئەنجومەن دوا دەخەین ، کاتێ ناچاری ئەوەدەکرێین کەدەبێ حکومەت پێکبێنین لەگەڵ ئەوەی جگە لەخۆمان کەسیتر شەریک ناکەینەوە لەحکومەتدا یەکەم کاریش کەدەستی بۆدەبەین دەمانەوێ بەرێوەبەرێکی تورکمان دەربکەین .. بۆ خەڵکی توشی هەڵوەستە نەبێ لەم هەنگاوانەو پێی وانەبێ ئەمە بەبەرنامەیەو پەیوەندی بەنەزانینەوە نییە .!؟ بۆ ئەوەیە کەتورکمانی کەرکوک هەڵوەستە لەدەسەڵاتی کوردی بکەن و لێمان نزیک نەبنەوە لەم قۆناغەدا چونکە تەنها زەمانەت بۆ گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەرهەرێمی کوردستان ( پشتیوانی و رەزامەندی تورکمانەکانی کەرکوکەو بەبێ رەزامەندی ئەوان ئەو ئاواتەمان نایاتەدی ) بۆیە رێگە نادرێ نزیکببنەوەو بەشێوازی جۆراوجۆر کار بۆدورخستنەوەی تورکمان دەکرێت ، هەرچەندە بەردەوام مام جەلال ئامۆژگاریمان دەکات لەخۆمانیان نزیک بکەینەوە ، هەر تورکمانێک چەند دژی کورد بوبێت کەلەگەڵ وەفدێکی تورکماندا سەردانی مام جەلالیان کردبێ لەگەڕانەوەیاندا هەڵوێستیان بەرانبەر کوردو لەسەر مەسەلەی کەرکوک زۆر دەگۆڕا ، بەڵام لەناو کەرکوک نەتوانراوە ئەو بۆچونانەی مام جەلال پەیرەوبکرێت و ئەوقبوڵکردن و پێکەوەژیانەی مام جەلال بەڵێنیان پێدەدات ، لەناو کەرکوک رەنگی نەداوەتەوەو بەوەش تورکمانەکان توشی بێمتمانەیی بوون کەئایا ئەوەی مام جەلال دەیڵێ تەنها بۆ ئیعلامە ..!؟ ئەی ئەگەرنا بۆ لەسیاسەتی حیزبەکەی مام جەلالدا لەکەرکوک رەنگی نەداوەتەوە .! بۆ.!؟ سەرباری درککردن بەزەروریەتی پێکەوەژیان ،کەچی ناتوانین پەیوەندیەکی تەندروست دروستبکەین ..! هەمومان دەزانین پەیوەندیەکانمان لەکەرکوک خراپەو کەچی بێدەنگین ، ئەوەی قسەشبکات تۆمەتی ئەوەی دەدرێتەپاڵ کەدەبێ سەربەیەکێ لەتەکەتولاتەکانبێ ، یان زۆر راستی هەن بەهۆی ئەوململانێیانەی یەکێتییەوە دەشاردرێنەوەو ناگەیەنرێنە شوێنی خۆیان ، زۆرجارو زۆر راستیش هەن هەر لەبەر ئەوهۆکارە پشتگوێدەخرێن ، یەکێتی لەوێوە بەرپرسیارێتی مێژویی دەکەوێتە ئەستۆی کەیەکێتی چارەنوسی کەرکوکیشی بەستۆتە سراعەکانی ناو خۆیەوە کەئەوەکارەساتی گەورەی بەدواوەیە ..! رەنگە ئێستا ئەوەش بپرسن کە لەکاتێکدا مەسەلەی کەرکوک ململانێی گەورەی نێوان کورد وعەرەب و تورکمان و تورکیاو زلهێزەکانی دونیای لەسەرە بۆچی ئۆباڵی شکستی کورد بخرێتە ئەستۆی یەکێتی ..! بەڵام دیارە کاریگەری یەکێتی و رۆڵ و قورسایی لەناو کەرکوک دەیتوانی زۆرشتبکاتە ئەمری واقیع ، بەڵام ئێستا رۆژ لەدوای رۆژ کاریگەری و قورسایی یەکێتی کەمدەکاتەوە .. بۆیە پێویستە یەکێتی گەر نیەتی ئەوەی هەیە وەک هێزێکی خاوەن متمانەی میللەتەکەی بمێنێتەوەو درێژە بەتەمەنی خۆی بدات ، دەبێ بەرلەهەرشت و پێش هەر ئۆرگانێکی تری یەکێتی چاکسازیی لەکەرکوکدا بکات ، چاکسازیکردنیش نەک بەو مانایەی زەید لابەرێت و عەمر بێنێتە شوێنی ، چاکسازی راستەقینەوەو نوێبونەوە بەلابردنی بەتەمەنێکی شەست ساڵەو دانانی گەنجێکی سی ساڵ نابێ ئەوەندەی پەیوەستە بەنوێکردنەوەی عەقڵیەتی سیاسی و بەرنامەی سیاسی و دارشتنەوەی سیاسەتی کارکردنی ئەم هێزەوە، بۆیە بەگرنگی دەزانم ئەوە بخەمەڕوو یاخود سەرکردایەتی یەکێتی بخەمە بەردەم ئەوبەرپرسیارێتییەوە کەئامادەنین بەپلان و بەرنامەیەکی ورد کارلەکەرکوکدا

بکەن و دەیانەوێ هەموو کێشەکانی کەرکوک رووبەڕوی مەڵبەندی کەرکوک بکەنەوەو چاوەڕێی ئەوەن مەڵبەندی کەرکوک کەرکوکمان بۆبخاتەوە سەرهەرێمی کوردستان ، کەلەسەرەتادا وتم بەرپرسیارێتی کەرکوک لەمێژودا دەکەوێتە ئەستۆی یەکێتی لەوڕوانگەیەوە بەرپرسیاری یەکەمە کەئەیەوێ کێشەیەکی ستراتیجی وەک کەرکوک بسپێرێت بەئۆرگانێک کەڕەنگە تەنها لەکارەکەی خۆشیدا نەتوانێ سەرکەوتوبێ کەئەرکی هێنانە ریزەوەی خەڵکە بۆناو ریزەکانی یەکێتی و رێکخستنیانە لەئۆرگانەکانی یەکێتیدا لەسنوری پارێزگایەک .. چ ماڵوێرانییەکە بۆکورد چارەسەری کێشەیەکی گەورەی نەتەوەیەک بەئۆرگانێک بسپێری کەکاری ئەو نییە ..! لەوێوە سەرکردایەتی یەکێتی بەرپرسە کەدەیانجار پێشنیاری بۆکراوەو داوای لێکراوە غورفەیەکی عەمەلیات بۆکەرکوک دابنێ ، داواکراوە بانوسینگەیەکی مەکتەبی سیاسی بێتە کەرکوک ، داواکراوە بالیژنەی پسپۆڕو پێویست دابمەزرێ بۆدراسەکردن و بڕیاردان لەسەرئەوەی چۆن کاربکرێت لەکەرکوک و دەیان پرۆژەو پێشنیاری ترکراون بەڵام بەهۆی تەکەتولاتی ناو یەکێتییەوە فەرامۆشکراون و کەرکوک کراوەتە قوربانی باڵادەستی و ململانێکانی ناوخۆیی یەکێتی .. ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانی ئەم قۆناغەی بەردەممان والەیەکێتی دەخوازێ کەکەرکوک لەموعادەلاتی کێشە ناوخۆییەکانی دەرکاتە دەرەوەو بەپلان و بەرنامەی کارەوە بۆ ئەم دووساڵەی داهاتوو کاری لەسەربکات ، پێویستە بەرلەهەرشت مەکتەبێکی پەیوەندی بکاتەوەو باشترین ئەوکادیرانەی یەکێتی بۆبنێرێت کەدەتوانن پەیوەندی دروستبکەن و پەیوەندییە شێواوو گرژیەکانی نێوان دانیشتوانەکەی کەرکوک چاک بکەنەوە .. مەڵبەندی کەرکوک چاوێک بەتەشکیلاتەکەیدا بخشێنرێتەوەو ئەرکی ئەم قۆناغەیان تەنها کاری راستەقینەی مەڵبەندبێت

کەمەڵبەندی رێکخستنە و بەبڕوای من واپێویست دەکات مەڵبەندێکی دراسات گەر لەهەیکەلەیەکی بچوکیشدابێت لەکەرکوک دروستبکات بۆ ئەوەی بەدراسەکردن و بەپلان بڕیاربدەین چی بکەین نەک بەمیزاجی برادەری و بەرژەوەندی بازاڕو دوکانەکانمان ...! هەیئەیەکی خەڵکی سیاسی هەبن تەنها بۆئاراستەکردنی گروپی ئێمە لەئەنجومەنی پارێزگا کەنوێنەرایەتی کورد دەکەن لەدانان و دەستنیشانکردن و تەوجیهاتی رۆژانەیانەوە ئەوهەیئەیە ئاراستەیانبکات نەک بەمیزاج سیاسەتی کورد هەڵسوڕێنن ، کەنمونە زۆرە لەسەر هەڵوێستە سەیروسەمەرەکانی یەکێتییەکانی ناو ئەنجومەن چ لەئێستاو لەئەنجومەنی پێشودا ، هەر بۆنمونە بۆدەرخستنی بێبەرنامەی و بەمیزاج نوێنەرایەتی کردنەکەیان دوو حاڵەت دەگێڕمەوە ، لەئەنجومەنی پێشودا لەکاتێکدا کوتلەی کوردی لەڕوی ژمارەوە وەک ئێستانەبوون و کەمتربوون لەنیووە هەریەک لەپارێزگارو جێگرەکەی و یاریدەدەرەکانی لەتەحالوفی کوردیدا بون کەچی کاندیدێکی یەکێتی لەکۆبونەوەدا پێشنیاریکرد با پارێزگارو جێگرو یاریدەدەرەکانی مافی دەنگدانیان نەبێ ..! گەر کارەکانی ئەنجومەن گروپی یەکێتی بەمیزاج دانەنرایان و بەمیزاجی شەخسی کاریان نەکردایاو بەرنامەیان هەبوایا پێشنیاری وایان دەکرد کە (5)کەس مافی دەنگدانی نەبێ کەهەر پێنجیان دەنگی تۆن ..! ئەمجارەش لەکاتێکدا هەمومان دەزانین کەباجی ئەوە دەدەینەوە نەمانتوانیوە پەیوەندیەکانمان لەگەڵ خەڵکەکەی تری کەرکوکدا باشبکەین .. کەچی ئەندامێکی ئەنجومەن داوادەکات ئاوو کارەبای گەڕەکە نەیارەکان ببڕین و شەڕی ئەهلی بخوڵقێنین ..! لێرەوە بێسەروبەرەیی یەکێتی لەکەرکوک ببینن ، کەهۆکارەکەشی ئەوەیە هەموو ئەرک وکارەکانی کەرکوک تەنها بەیەک ئۆرگان سپێردراوە، بۆ نمونە ئەگەر بەراوردێکی

سلێمانی و کەرکوك بکەین کەلەسلێمانی چەند مەکتەب و ئۆرگان و مەکتەبی سیاسی و عیلاقات و کۆمەلآیەتی و دامەزراوەمان هەن بۆئەوەی بتوانین سلێمانی بەڕێوەبەرین لەکاتێکدا سلێمانی تەنها کوردو لەکوردیشدا تەنها ئەو هێزو حیزبە سیاسیانەی هاوپەیمانمانن دەژین ، بەلآم کەرکوکێکی پڕ لەکێشەو گیروگرفتی نەتەوایەتی ، لەناو کوردیشدا دوای شەڕی ناوخۆو دولەتبونی هەرێمی کوردستان و یەکترقبوڵنەکردنی پارتی و یەکێتی بۆیەکەمجار لەکەرکوکەوە پێکەوە کاردەکەین کەتەنها بۆعیلاقاتی پارتی یەکێتی پێویستی بەهەیکەلەیەکی جیاواز هەبوو بۆئەوەی مونافەسەی حیزبی والەکەرکوك نەکات شەقامێك لەگەڕەکێکی کوردیدا بەناوی دووشەهیدی یەکێتی و پارتییەوەبێت و لەهەندێ شوێنیش چوار شمشێرەکەی رەمزی مجلس تەعاون عەرەبی وەك خۆی ماوەتەوە..! کەرکوکێك کەبەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئێمە حوکمی دەکەین لەڕوی سیاسی و ئیدارییەوە ، دەمانەوێ مەڵبەندێك بەتەنها بەژمارەیەك کادرەوە کەبەشێکیان ناتوانن ئیستیعابی رای جیاوازی هەڤاڵەکانی خۆیانبکەن چ جای نەتەوەی تر.. یەکێتی دەیەوێ بەوشێوەیە کەرکوك بباتەوە ..!؟ لەکوێ مەڵبەندێك فریای پەیوەندی خۆی لەگەڵ کەس وکاری شەهیدەکانی خۆیی و زیندانییەکانی شارەکەو کەسایەتی و نوخبەی خوێنەوارو رۆشنبیران و هونەرمەندانی کەرکوك و دۆست ولایەنگرەکانی و نەتەوەجیاوازەکان و لەناو نەتەوەکانیشدا شەریحە جیاجیاکان و حیزبەجیاجیاکانی کوردو نەتەوەکانی تر دەکەوێ و بپەرژێتە سەرئەوەی ئاراستەی سیاسەتی کوردبکات لەکەرکوك و فریای دابەشکردنی زەوی و داگیرکردنی زەوی تەجاوزو سەردانی پرسەو ماڵی کەسایەتی شارەکە بکەوێت و بتوانێ دەستبخاتە ناو بازاڕو شەریکات وکۆمپانیاو کۆنکرێتی کۆڵانەکان و ئاوەڕۆی گەڕەکەکان بکات ..! ئەمە بەحکومەتێ ناکرێ ..! گەر یەکێتی ئەیەوێ ئەم هەموو کارە لابەلایە بەیەك ئۆرگان بەرێتەڕێوە ئەوە بەدڵنیاییەوە نەك ناتوانێ زەمانەتی ئەوە بۆکورد بکات کەرکوك بگەڕێتەوە سەرهەرێمی کوردستان .. ئەوە تا رۆژی راپرسی و دەنگدان بۆیەکلایی کردنەوەی کێشەی کەرکوك دەجاریتر گەڕەکەکانی رەحیم ئاواو شۆڕیجەو ئیسکان موزاهەرەمان لەدژ دەکەن ، پێویستە یەکێتی گەر دەیەوێ کارلەسەرکەرکوك بکات و خەون بەوەوە دەبینێ کەرکوك بباتەوەو بەبردنەوەی کەرکوکیش بنەمایەك بۆدەوڵەتی کوردی دروستبێت ئەوە پێویستە چاکسازی لەکەرکوکدابکات و کۆمەڵێ دامەزراوەی نوێ بۆ کەرکوك دروستبکات کەلەگەڵ واقیعی کەرکوکدا بگونجێن و بەکۆمەڵێ هەیکەلەی جیاجیاوە کارلەسەر کەرکوك بکات ، نەك هەموو ئەرك و کارەکانی لەبازنەیەکی بەرتەسکدا کۆبکاتەوە کەبیرکردنەوەیان وابێ جگە لەخۆیان کەسیتر نییە لەشارەکەدا ، چونکە درێژەدان بەوەی ئێستا دواجار یەکێتی وادەهێڵێتەوە کەکەسیتری بەدەورەوە نەمێنێ جگە لەو بازنە بەرتەسکەی خۆی ، کەبەوەش ناتوانێ بچوکترین رۆڵی هەبێ لەسەر چارەنوسی کەرکوك و کاتێ یەکێتیش رۆڵی لەسەر چارەنوسی کەرکوك نەمێنێ ، ئەوە ئومێدی پرۆژەی کورد لەکەرکوك نامێنێ ..!

## بەرهەمە چاپكراوەكانی نوسەر

1- تەم و دوكەڵ 1991

2- كەڕنەڤاڵی مەرگ 1992

3- مارشی نەبەزین 1993چاپی یەكەم

1997 چاپی دووەم

4- سەید جەوهەر جەوهەربوو بۆكوردستان 1999

5- كۆچ و كۆچپێكردن هۆكاروبنەماكانی 2000 چاپی یەكەم

2001 چاپی دووەم

6- شایەتحاڵەكانی ئەنفال (بەرگی یەكەم) 18/شوباتی 2002

7- شایەتحاڵەكانی ئەنفال (بەرگی دووەم) 6/ئەیلولی 2002

8- شایەتحاڵەكانی ئەنفال (بەرگی سێەم) 18/شوباتی 2003

9- گەڕانەوە بۆ كەركوك ئازاری 2004

10- لەتۆپخانەوە بۆ عەرعەر ئازاری 2004

11- لەئوم رێعانەوە بۆ تۆبزاوە ئازاری 2004

12- كەركوك و پاكتاوی رەگەزی (بەرگی یەكەم) ئازاری 2004

13- لەبارەی كەركوكەوە ئازاری 2005

14- كەركوك و پاكتاوی رەگەزی (بەرگی دووەم) ئازاری 2005

15- كركوك و التطهير العرقي جزء الآول 2005

16- من طوبخانة الى عرعر 2005

17- كركوك والطتهير العرقي (جزء الثانى) 2006

18- دەربارەی كەركوك 2006

19- شەمیلە 2006

20- ئەنفالی هەڵەبجە _گەلاوێژ 2006

21- ئەنفالی هەڵەبجە _حەپسە 2006

22- ئەنفالی هەڵەبجە _زارا 2006

23- زەروریەتی خۆنۆێكردنەوەی یەكێتی 2006